منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بیر و باوەڕی پێشەوا مالیك

رحمة الله عليه

کۆکردنەوەی
عَادِلُ بنُ عَبْدِ اللهِ آل حَمْدَان

لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی
کاروان کەمال کوردی

کتێبخانەی ڕێگار

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

بیروباوەڕی پێشەوا مالیك

کتێبخانەی ڕێکار

ناونیشان : هەولێر - فلکەی شێخ محمود -
باڵەخانەی سەید بهاء الدین - نهۆمی خوارەوە
ژ.م ٥٧٦٧ ٤٧٥ ٠٧٥٠

کتێبخانەی ڕێکار

ناسنامەی کتێب

ناوی پەرتووک: بیروباوەڕی پێشەوا مالیك
کۆکردنەوەو شیکردنەوەی : کاروان کمال الکردی
هەڵەچنین : هەندرێن هەژار خۆشناو
نەخشەسازیی ناوەوە: پەرجان دۆسکی
نەخشەسازیی بەرگ: إخلاص دیزاین
تیراژ: ١٠٠٠ دانە.
سایز: ١٧*٢٤
لاپەڕە: ١٣٥ لاپەڕە
نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم، ١٤٤٤ کۆچی - ٢٠٢٣ میلادی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە « ٤٤٩ »ی ساڵی «٢٠٢٣»ی پێ دراوە.

بیروباوەڕی

پێشەوا مالیك

امام دار الهجرة

کۆکردنەوەی :

عادل آل حمدان

لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی :

کاروان کەمال کوردی

بسم الله الرحمن الرحيم
١٤٢٠

پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله نحمده، ونستعينه، ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا، وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله، { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ (١٠٢)} [١]

{ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا (١)}[٢]

{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا (٧٠) يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا (٧١)} [٣]

---

(١) [آل عمران: ١٠٢]

(٢) [النساء: ١]

(٣) [الأحزاب: ٧٠، ٧١]

أما بعد :

الله عزوجل ئاگەداری کردووین له تەفرەقه و ناکۆکێ، وەك دەفەرموێ : { وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ (١٠٥) } [١]

وقال سبحانه وتعالى: { وَمَا كَانَ النَّاسُ إِلَّا أُمَّةً وَاحِدَةً فَاخْتَلَفُوا وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ فِيمَا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ (١٩)} [٢]

وقال تعالى: { إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ (١٥٩)} [٣]

وقال تعالى: { وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ (٣١) مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ (٣٢)} [٤]

---

(١) [آل عمران: ١٠٥]

(٢) [يونس: ١٩]

(٣) [الأنعام: ١٥٩]

(٤) [الروم: ٣١، ٣٢]

الله عزوجل باسی کێشه و ڕاجیایی بەنی ئیسرائیلمان بۆ دەکات له تەوراتدا ، فقال سبحانەوتعالی: { وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ فَاخْتُلِفَ فِيهِ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ} (١١٠) [١]

بۆیه دابەشبوون و ئیختیلافی ئەو ئوممەته شتێکی واقیعه و ڕوویداوه، زیاتر لەهەموو ئوممەتانی تر، بەراورد به یەهود و نەسارا ، وەك له فەرموودەی أبو هريرة رضي الله عنه هاتووه، ئیمامی أبوداود و کۆمەڵێکی تر ڕیوایەتیان کردووه به سەنەدی حەسەن، کەوا یەهود دابەشی حەفتاو یەک فرقه بوون، نەسارا دابەشی حەفتاو دوو فرقه بوون، ئەو ئوممەتەی ئێمەش دابەشی حەفتاوسێ فرقه بووه، واته زیاتر لەوانی تر ڕاجیایی و تەفرەقه و کێشمەکێش لەنێو ئوممەتی ئیسلامه .

بۆیه الله عزوجل فەرمانمان پێدەکات دەستبگرین به پەتی پەروەردگارەوه و دەفەرموێ : { وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا } [٢] .

واته: دەستبگرن به قورئان و سوونەت، ئەوکات کێشه و ئیختیلافتان لەنێوان دروووست نابێت.

بەڵام لەکۆتاییدا هەر ڕووەدا و ڕووشیداوه، که ئێستا ڕاجیایی و ناکۆکی له لووتکەی هەموو سات و سەردەمەکاندایه .

---

(١) [هود: ١١٠]

(٢) [آل عمران: ١٠٣]

ئەگەرچی لە سەردەمی سەلەف و خیر القرون دووبەرەکی و، کێشە و ناکۆکی هەبوون، بەڵام وەک ئەوەی ئێستا نەبوون، بەڵکو کەمتربوون، زۆریش کەم، بەجۆرێک پێشەوا مالك دەفەرموێ : هیچ یەک لەو داهێنراوانە لەسەردەمی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و أبو بکر و عمر نەبوون، دواتر وردە وردە سەریان هەڵدا .

کەواتە ئێمە ئێستا لە لووتکەی ئیختیلاف و کێشمەکێش و، جیاوازی و ناکۆکیداین، هەرگیز ناتوانین بەئاسانی خۆمان بدۆزینەوە مەگەر بە دۆزینەوەی خیرالقرون نەبێت ، دۆزینەی ئەوانیش واتە : گەڕانەوە بۆلای ئەوان و، دووبارە ئاشنابوونەوە پێیان و، ناسینیان و زانینی ژیان و بیروباوەڕیان ،چونکە ئەوان کەمتر تووشی گومڕایی بوون، هەڵبەتە شارەزاتر و نزیکتربوون لە حەق، بە پێوەری ئەوەی نزیکتر بوون لەسەردەمی پێغەمبەر ، لەبیرنەکەین کە پێغەمبەر شاهێدی چاکی و باشی بۆ داون .

پێمخۆشە خوێنەری کورد ئاشنابێتەوە بە یەک لە پێشەوا هەرە دیار و گەورەکانی سەلەفی ئوممەت ، پێشەوایەك کەوا نزیکەی ١٣٠٠ ساڵە ناوی درەوشایەوە ، پێشەوایەک ناتوانی بچیتە هیچ باس و خواسێکی زانستی شەرعی، ئیللا ناوی دەکەوێتە بەرچاوت، لە فیقهـ ، لە فەرموودە، لە زانستەکانی فەرموودە، لە بیروباوەڕ... هتد، ئەو پێشەوا بەڕێزەش(مالك بن أنس)ـە رحمه الله ، کە

دەڵێن : ئیمامی مالك، ناوێکی دیار و ناسراو، بەڵام لە ئێستادا فەرامۆشکراو، هەرچەندە سەلەف و پێشینی ئوممەت بەگشتی فەرامۆش کراون ،

تایبەتمەندی ئەو پێشەوا بەڕێزە ئەوەیە گەورەترین پێشەواکانی ئوممەتی پێگەیاندووە ،دیارترینیان پێشەوا (شافعی)ـیە رحمه الله.

بیرۆکەی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەو کتابەم لەوە بۆهات، کاتێ بینیم لەلایەن (عادل آل حمدان) کەوا لێکۆڵەرێکی سعودیە و دەستێکی بااڵی لە لێکۆڵینەوەی پەرتووک و نووسینەکانی سەلەف هەیە ، چەند لاپەڕەیەکی تایبەت کردووە بە بیروباوەڕی پێشەوا مالك لە کتێبێکی خۆی بە ناوی (كتاب الجامع في عقائد ورسائل أهل السنة والأثر).

بەڵام تەنها (تخریج) بێ (تحقیق)، واتە: بێ لێکۆڵینەوە ، باسێکی وا گرنگ و گەورە بێگوومان نابێ بخرێتە بەردەمی خوێنەر تاوەکو تەواو لێی دڵنیابنەبیتەوە، چونکە گرنگترین شت بیروباوەڕە ، دەبێ بزانین زانایان لە وەرگرتنی فەرموودە لە باسی بیروباوەڕ زۆر توندتربوونە وەک لەوانی تر ،

ئەسڵی ئەو باسە کۆکردنەوەیە، وەك عادل آل حمدان دەڵێ:

زۆرترین سوودم بینیوە لە (منهج الإمام مالك في تقرير العقيدة)[1]

(١) [لسعود الدعجان]

خۆشم گەڕامەوە بۆ سەر ئەو کتێبە، زیاتر لە (٥٠٠) لاپەڕە ، دەتوانم بڵێم سەدا ٨٥ تا ٩٠ لەو کتێبە دەرهێنراوە ، ئەمەش وەك ئەمانەتی زانستی، چونکە نووسەر چۆن ئاماژەی پێکردوە بەهەمان شێوە منیش پێمخۆشبوو باسیکەم و بیخەمەڕوو، چونکە موسڵمان پێویستە لەولایەنە ڕاستگۆ بێت، ناکرێ لەسەر ماندووبوونی کەسانی تر خۆی گەورەبکات ،

بەڵام من هاتووم وردەکاریم پێداوە، بەتایبەت لەبارەی ژیانی پێشەوا مالك کەوا زۆر زیاترم باسکردووە، تاوەکو خوێنەر بزانێ ئەو بیروباوەڕە هی کێیە و، خاوەنی وتەکان لەچ پلەیەکدان ، ناسینی نوسەر بەشێکی گرنگە بۆ زیاتر گرنگیدان بە بابەتەکە.

بۆ نمونە : کاتێ قسەیەک دەکەی و دەڵێی: ئایەتە، ڕاستەوخۆ کەسی بەرامبەر تێدەگا چ پێگەوپلەیەکە، یاخود دەڵێی: فەرموودەیە، بەهەمان شێوە، یان کاتێ دەڵێی: ئەمە قسەی پێشینی ئوممەتە، لێت دەپرسێت قسەی کام پێشەوایە، دەڵێی: (مالیک بن أنس) ئیدی وێنەکەی لاڕوون دەبێتەوە ، بۆیە لەوبارەوە دەرخستن و خستنەڕووی ژیانی ئەو پێشەوایە خۆی لەخۆیدا بەشێکی زۆر گرنگی بابەتەکەیە، چونکە زیاتر و زۆرتر بابەتەکە گرنکتر دەکات، ئەمە خاڵێك .

خاڵێکی تر، کۆی بابەتە کۆکراوەکە ٨٦ ئەسەرە ، بەڵام من هەموویم نەهێناوە ، بەڵام زۆرترینم هێناوە تەنها کەمێک نەبێت ، هەندێکیشم پێکەوە گرێداوە ، چونکە خۆی لە سەنەدی ئەسڵی بەو شێوەیە هاتوون .

ئەو ئاستەنگانەی هاتنەڕێم:

لەبەر ئەوەی ئەو کتێبە کۆکراوەیە، واتە هەر قسە و گوفتارێک لە شوێنێکە ، بەمەش کاری منی زۆر زەحمەت کرد، چونکە من وەک لێکۆڵەر دەبێ بۆ لێکۆڵینەوە بگەڕێمەوە سەر سەنەدی خۆی لەو کتێبەی کەوا لێی هاتووە ، جا کتێبێک و دووان نەبوون، بەڵکو دەیان کتێب بوو، لە دیارترین کتێبەکانی سەنەد بریتی بوون لە : (السنة لعبدالله ، الشريعة للآجري ، أصول السنة لإبن أبي زمنين ، إبانة الكبرى لإبن بطة ،لالكائي ، ذم الكلام للهروي ، جامع بيان العلم ....هتد).

هەڵبەتە هەندێکیان کتێبی سەنەد نەبوون، بەڵکو گواستنەوە بوون، وەك : (الإعتصام للشاطبي ، الصارم المسلول ، ترتيب المدارك ، مناقب مالك للزواوي.... هتد) .

لێرەوە گرنگی لێکۆڵینەوە (تحقيق) مان بۆ دەردەکەوێ کەوا لە تێکڕایی ٦٠ قەول و گوتەی پێشەوا مالیك زیاتر(١٠) دانەی لاوازبوون و، کۆمەڵێک قسە و گوفتاریش تەنها لە کتوبەکانی (متأخرين) بێ سەنەد هاتوون کەوا ئاماژەم پێیداوە تاوەکو بۆ خوێنەر ڕوون بێت .

لایەنێکی تری ئەویش گرنگی شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی باسەکانە.

ئەمەشیان بۆ بەندە ئاستەنگ بوو، چونکە قسە و گوفتارەکان لە دەیان لایەن بوو، واتە هەرچی لایەن و باسی پەیوەست هەیە بە بیروباوەڕ هاتووە ، لەڕاستیدا بۆ هەریەک لەو باسانە کتێبی گەورە و تایبەت نوسراوە بۆ نمونە:

(القدر ، الجهمية ، الإيمان ، بابەتی قورئان و هاوەڵان و، بابەتی ئەسماء و سیفات و .....هتد).

ئەوانە هەموویان پێویستیان بەوەیە یەك بەرگ کتێبیان لەسەر بنوسیت، بێگومان منیش نەمتوانیوە وەک خۆی حەقیان پێبدەم، لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە:

١ : درێژ نەبوونەوەی کتێبەکە.

٢ : لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە لەیەک کاتدا زۆر زەحمەتە .

ئەوەمان بۆ ڕەزامەندی الله عزوجل کردووە و، داوامان ئەوەیە بۆمان ببێتە توێشوویەک لە قیامەت ، بێگومان بەهیچ شێوەیەک ناڵێم بێ کەموکوڕییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ، بۆیە داوای لێخۆشبوون لە الله دەکەم، بەو هیوایەم ببێتە دەروازەیەک بۆ زیاتر ئاشنابوونەوە بە پێشینە چاکەکانمان و خۆشویستن و گەڕانەوە بۆ لایان .

بەندەی گوناهبار:

مالک بن أنس (ئیمامی مالك)

یەکێکە لە زانا و دانا و، ئیمامە هەرە دیارەکانی نێو (کاروانی سەلەف) ، شتێک کە ئەو ئیمامە بەڕێزە جیا دەکاتەوە لەوانیتر ئەوەیە کە لە زۆرینەی زانستەکان پێشەنگ و ئیمام بوو، وەک (فەرموودە و فیقهـ وعەقیدە و علم الرجال .)

ساڵی لەدایکبوونی : ساڵی ٩٣ کۆچی لەدایک بووە، واتە هەمان ئەو ساڵەی کەوا هاوەڵی بەڕێز (أنس بن مالك) تێیدا وەفاتی کرد.

ناوی تەواوی:

أَبُو عَبْدِ اللهِ مَالِكُ بنُ أَنَسِ بنِ مَالِكِ بنِ أَبِي عَامِرِ بنِ عَمْرِو بنِ الحَارِثِ بنِ غَيْمَانَ بنِ خُثَيْلِ بنِ عَمْرِو بنِ الحَارِثِ.

دایکی : عَالِيَةُ بِنْتُ شَرِيْكِ الأَزْدِية.

مامەکانی : أَبُو سُهَيْلٍ نَافِع، وَأُوَيْسٌ، وَالرَّبِيْعُ، وَالنَّضْرُ،

ئیمامی ابن شهاب فەرموودەی ڕیوایەت کردووە لە باوکی مالك کە (أنس)ـەـ، لە مامیشی کە؛ (أُوَيْسٍ و أَبِي سُهَيْل) ه.

أَبُو أُوَيْسٍ عَبْدُ اللهِ ش ڕیوایەتی کردووە لە مامی کە (الرَّبِيْع)ــە،

ئەوە زنجیرە خانەوادەی ئیمامی مالك بوو.

ئیمامی مالك هێشتا بچووک بوو طلبي علمی کرد، زانستی وەرگرتوە لە هەریەک لە : نَافِعٍ، وَسَعِيْدٍ المَقْبُرِيِّ، وَعَامِرِ بنِ عَبْدِ اللهِ بنِ الزُّبَيْرِ، وَابْنِ المُنْكَدِرِ، وَالزُّهْرِيِّ، وَعَبْدِ اللهِ بنِ دِيْنَارٍ، کەسانی تریش.

بۆ ئەوەش دەگەڕێینەوە کتێبی [سير أعلام النبلاء ی الذهبي].

چونکە زۆر بەوردی ناوی هەموو شێخەکانی مالك و، ژمارەی ڕیوایەتەکانی کە لە (الموطأ) لێی کردوونە باسکراوە.

ناوی شێخەکانی مالك و ژمارەی ڕیوایەتەکانی لێیان:

١/ إِسْحَاقُ بنُ عَبْدِ اللهِ بنِ أَبِي طَلْحَةَ. (١٨) فەرموودە.

٢ / أَيُّوْبُ بنُ أَبِي تَمِيْمَةَ السِّخْتِيَانِيُّ عَالِمُ البَصْرَةِ. (٤) فەرموودە.

٣/ أَيُّوْبُ بنُ حَبِيْبٍ الجُهَنِيُّ مَوْلَى سَعْدِ بنِ مَالِكٍ. (١) فەرموودە.

٤ / إِبْرَاهِيْمُ بنُ عُقْبَةَ. (١) فەرموودە.

٥ / إِسْمَاعِيْلُ بنُ أَبِي حَكِيْمٍ. (١)فەرموودە.

٦ / إِسْمَاعِيْلُ بنُ مُحَمَّدِ بنِ سَعْدٍ .(١) فەرموودە.

٧ / ثَوْرُ بنُ زَيْدٍ الدِّيْلِيُّ .(٣) فەرموودە.

٨ / جَعْفَرُ بنُ مُحَمَّدٍ . (٧) فەرموودە.

٩ / حُمَيْدٌ الطَّوِيْلُ . (٦)فەرموودە.

١٠ / حُمَيْدُ بنُ قَيْسٍ الأَعْرَجُ . (٢) فەرموودە.

١١ / خُبَيْبُ بنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ. (٢) فەرموودە

١٢ / دَاوُدُ بنُ الحُصَيْنِ . (٤) فەرموودە.

١٣ / دَاوُدُ أَبُو لَيْلَى بنُ عَبْدِ اللهِ فِي القِسَامَةِ. (١) فەرموودە.

١٤ / رَبِيْعَةُ الرَّأْيُ. (٥) فەرموودە.

١٥ / زَيْدُ بنُ أَسْلَمَ. (٢٦) فەرموودە.

١٦ / زَيْدُ بنُ رَبَاحٍ . (١) فەرموودە.

١٧ / زِيَادُ بنُ سَعْدٍ (زَيْدُ بنُ أَبِي أُنَيْسَةَ . (١) فەرموودە.

١٨ / سَالِمٌ أَبُو النَّضْرِ . (١٣) فەرموودە.

١٩ / سَعِيْدُ بنُ أَبِي سَعِيْدٍ . (٤) فەرموودە.

٢٠ / سُمَيٌّ مَوْلَى أَبِي بَكْرٍ. (١٣) فەرموودە.

٢١ / سَلَمَةُ بنُ دِيْنَارٍ أَبُو حَازِمٍ. (٨)فەرموودە.

٢٢ / سُهَيْلُ بنُ أَبِي صَالِحٍ. (١١) فەرموودە.

٢٣ / سَلَمَةُ بنُ صَفْوَانَ الزُّرَقِيُّ. (١)فەرموودە.

٢٤ / سَعْدُ بنُ إِسْحَاقَ . (١) فەرموودە.

٢٥ / سَعِيْدُ بنُ عَمْرِو بنِ شُرَحْبِيْلَ. (١)فەرموودە.

٢٦ / شَرِيْكُ بنُ أَبِي نَمِرٍ. (١) فەرموودە.

٢٧ / صَالِحُ بنُ كَيْسَانَ. (٢) فەرموودە.

٢٨ / صَفْوَانُ بنُ سُلَيْمٍ. (٢) فەرموودە.

٢٩ / صَيْفِيٌّ مَوْلَى ابْنِ أَفْلَحَ . (١) فەرموودە.

٣٠ / ضَمْرَةُ بنُ سَعِيْدٍ. (٢) فەرموودە.

٣١ / طَلْحَةُ بنُ عَبْدِ المَلِكِ. (١) فەرموودە.

٣٢ / عَامِرُ بنُ عَبْدِ اللهِ بنِ الزُّبَيْرِ. (٢)فەرموودە.

٣٣ / عَبْدُ اللهِ بنُ الفَضْلِ. (١) فەرموودە.

٣٤ / عَبْدُ اللهِ بنُ عَبْدِ اللهِ بنِ جَابِرِ بنِ عَتِيْكٍ. (٢) فەرموودە.

٣٥ / عَبْدُ اللهِ بنُ أَبِي بَكْرِ بنِ حَزْمٍ. (١٨) فەرموودە.

٣٦ / عَبْدُ اللهِ بنُ يَزِيْدَ مَوْلَى الأَسْوَدِ. (٥) فەرموودە.

٣٧ / عَبْدُ اللهِ بنُ دِيْنَارٍ. (٣١) فەرموودە.

٣٨ / أَبُو الزِّنَادِ عَبْدُ اللهِ بنُ ذَكْوَانَ. (٦٤) فەرموودە.

٣٩ / عَبْدُ الرَّحْمَنِ بنُ القَاسِمِ. (٨) فەرموودە.

٤٠ / عَبْدُ الرَّحْمَنِ بنُ أَبِي صَعْصَعَةَ. (٣)فەرموودە.

٤١ / عَبْدُ اللهِ بنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ أَبُو طُوَالَةَ. (٢) فەرموودە.

٤٢ / عُبَيْدُ اللهِ بنُ سُلَيْمَانَ الأَغَرُّ. (١)فەرموودە.

٤٣ / عُبَيْدُ اللهِ بنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ. (١) فەرموودە.

٤٤ / عَبْدُ الرَّحْمَنِ بنُ حَرْمَلَةَ. (١) فەرموودە.

٤٥ / عَبْدُ الرَّحْمَنِ بنُ أَبِي عَمْرَةَ. (١) فەرموودە.

٤٦ / عَبْدُ المَجِيْدِ بنُ سُهَيْلٍ. (١) فەرموودە.

٤٧ / عَبْدُ رَبِّهِ بنُ سَعِيْدٍ. (٢)فەرموودە.

٤٨ /عَبْدُ الكَرِيْمِ الجَزَرِيُّ. (١)فەرموودە.

٤٩ / عَطَاءٌ الخُرَاسَانِيُّ . (١) فەرموودە.

٥٠ / عَمْرُو بنُ الحَارِثِ. (١) فەرموودە.

٥٢ / عَمْرُو بنُ أَبِي عَمْرٍو. (١) فەرموودە.

٥٣ / عَمْرُو بنُ يَحْيَى بنِ عَمَّارٍ. (٣) فەرموودە.

٥٤ / عَلْقَمَةُ بنُ أَبِي عَلْقَمَةَ. (٢) فەرموودە.

٥٥ / العَلاَءُ بنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ. (١) فەرموودە.

٥٦ / فُضَيْلُ بنُ أَبِي عَبْدِ اللهِ. (١) فەرموودە.

٥٧ / قَطَنُ بنُ وَهْبٍ . (١) فەرموودە.

٥٨ / الزُّهْرِيُّ. (١٨) فەرموودە.

٥٩ / ابْنُ المُنْكَدِرِ. (٤) فەرموودە.

٦٠ / أَبُو الزُّبَيْرِ. (٨) فەرموودە.

٦١ / مُحَمَّدُ بنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ يَتِيْمُ عُرْوَةَ . (٤) فەرموودە.

٦٢ / مُحَمَّدُ بنُ عَمْرِو بنِ حَلْحَلَةَ. (٢) فەرموودە.

٦٣ / مُحَمَّدُ بنُ عُمَارَةَ .(١) فەرموودە.

٦٤ / مُحَمَّدُ بنُ أَبِي أُمَامَةَ . (١) فەرموودە.

٦٥ / مُحَمَّدُ بنُ عَبْدِ اللهِ بنِ أَبِي صَعْصَعَةَ. (١) فەرموودە.

٦٦/ مُحَمَّدُ بنُ أَبِي بَكْرٍ الثَّقَفِيُّ . (١) فەرموودە.

٦٧ / مُحَمَّدُ بنُ عَمْرِو بنِ عَلْقَمَةَ. (١) فەرموودە.

٦٨ / مُحَمَّدُ بنُ يَحْيَى بنِ حَبَّانَ. (٤) فەرموودە.

٦٩ / مُحَمَّدُ بنُ أَبِي بَكْرِ بنِ حَزْمٍ. (١)فەرموودە.

٧٠ / أَبُو الرِّجَالِ مُحَمَّدٌ . (١) فەرموودە.

٧١ / مُوْسَى بنُ عُقْبَةَ. (٢) فەرموودە.

٧٢ / مُوْسَى بنُ مَيْسَرَةَ. (٢) فەرموودە.

٧٣ / مُوْسَى بنُ أَبِي تَمِيْمٍ. (١) فەرموودە.

٧٤ / مَخْرَمَةُ بنُ سُلَيْمَانَ. (١) فەرموودە.

٧٥ / مُسْلِمُ بنُ أَبِي مَرْيَمَ. (٢) فەرموودە.

٧٦ / المِسْوَرُ بنُ رِفَاعَةَ. (١) فەرموودە.

٧٨ / نَافِعٌ . (٨٥) فەرموودە.

٧٩/ أَبُوسُهَيْلٍ نَافِعُ بنُ مَالِكٍ. (١) فەرموودە.

٨٠ / نُعَيْمٌ الْمُجْمِرُ. (٣) فەرموودە.

٨١ / وَهْبُ بنُ كَيْسَانَ. (١) فەرموودە.

٨٢ / هَاشِمُ بنُ هَاشِمٍ الوَقَّاصِيُّ. (١) فەرموودە.

٨٣ / هِلاَلُ بنُ أَبِي مَيْمُوْنَةَ. (١) فەرموودە.

٨٤ / هِشَامُ بنُ عُرْوَةَ . (٤٢) فەرموودە.

٨٥ / يَحْيَى بنُ سَعِيْدٍ الأَنْصَارِيُّ. (٤٠) فەرموودە.

٨٦ / يَزِيْدُ بنُ خُصَيْفَةَ. (٣) فەرموودە.

٨٧ / يَزِيْدُ بنُ أَبِي زِيَادٍ الْمَدَنِيُّ. (١) فەرموودە.

٨٨ / يَزِيْدُ بنُ عَبْدِ اللهِ بنِ الهَادِ. (٣) فەرموودە.

٨٩ / يَزِيْدُ بنُ رُوْمَانَ. (١) فەرموودە.

٩٠ / يَزِيْدُ بنُ عَبْدِ اللهِ بنِ قُسَيْطٍ. (١) فەرموودە.

٩١ / يُوْنُسُ بنُ يُوْسُفَ بنِ حِمَاسٍ. (٢) فەرموودە.

٩٢ / أَبُو بَكْرِ بنُ عُمَرَ العُمَرِيُّ. (١) فەرموودە.

٩٣ / أَبُو بَكْرِ بنُ نَافِعٍ. (٢) فەرموودە.

٩٤ / الثِّقَةُ عِنْدَهُ. (٢) فەرموودە.

٩٥ / الثِّقَةُ. (٣) فەرموودە.

ترسی پێشەوا مالك لە فتوادان بێ علم:

حدثنا أحمد بن سنان قال سمعت عبد الرحمن بن مهدي يقول: كنا عند مالك بن أنس فجاء رجل فقال: يا أبا عبد الله جئتك من مسيرة ستة أشهر، حملني أهل بلادي مسألة أسألك عنها.

قال فسل، قال فسأل الرجل عن أشياء فقال: لا أحسن، قال فقطع بالرجل كأنه قد جاء إلى من يعلم كل شئ قال: و أي شئ أقول لأهل بلادي إذا رجعت إليهم؟ قال: تقول لهم قال مالك بن انس: لا أحسن.

أحمد بن سنان دەڵێت : گوێم لە عبد الرحمن بن مهدي دەیگوت:

ئێمە لای مالك بن أنس بووین ، پیاوێک هات فەرمووی : ئەی باوکی عبدالله من لەدووری شەش مانگە ڕێگاوە هاتووم بۆ لات ، خەڵکی ناوچەکەم [وولّات+ شار] پرسیاریان بەمندا ناردووە تاوەکو منیش لەتۆی بکەم.

ئیمام مالك پێیگوت : بپرسە.

پیاوەکەش دەربارەی ئەو باسانەی لەم ڕێگە دوورەوە بۆی هاتبوو پرسیاری لێکرد.

ئیمام مالك پێیگوت : لەو باسە باش نیم، یان لێی نازانم ، بۆیە بەم جۆرە قسەی پیاوەکەی بڕی، چونکە ئەم پیاوە بە جۆرێک هاتبوو، وەك ئەوەی هاتبێت بۆلای کەسێك کەوا هەموو شتێک بزانێت ،

پیاوەکەش گوتی : باشە من چی بە خەڵکی شارەکەم بڵێم کاتێ گەڕامەوە؟

ئیمام مالك پێیگوت : پێیان دەڵێی : مالك بن أنس گوتی:

باش لێی نازانم، یان [نازانم][1].

دەڵێم : ئەگەر بێت و هەمان شت لەگەڵ خۆمان بەراورد بکەین، بۆ نموونە : ئێمە لە مەجلیسێکدا بین و خەڵکێکی زۆرمان لەدەوردا بێت ، لەو کاتەشدا یەکێک بێت و بڵێت: من لە فڵان شارەوە هاتووم، بەتایبەت بۆلای تۆ تاوەکو پرسیاری باسێکت لێبکەم، ئەوکات چ هەڵوێستێکت دەبێت ؟ بێگومان بەهۆی جەهل و نەزانی خۆمان و دووربوون لەزانستی شەرعی پێیان شەرم دەبێت گەر نەشزانین قسەیەکی هەر لێدەکەین، لەئێستادا شتێک نیە بەناوی [لا أدري ، نازانم] ، بەڵام گەر بگەڕێینەوە بۆ ژیانی پێشەوایانی سەلەف دەبینین هەموویان حاڵیان وەك حاڵی پێشەوا مالك بووە.

---

(١) [مقدمة الجرح والتعديل ، باب ما ذكر من توقي مالك بن أنس عن الفتوى إلا ما يحسنه ويعلمه].

قال إِسْمَاعِيْلُ بنُ أَبِي أُوَيْسٍ : سَأَلْتُ خَالِي مَالِكاً عَنْ مَسْأَلَةٍ، فَقَالَ لِي: قِرَّ، ثُمَّ تَوَضَّأَ، ثُمَّ جَلَسَ عَلَى السَّرِيْرِ، ثُمَّ قَالَ: لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ، وَكَانَ لاَ يُفْتِي حَتَّى يَقُوْلَهَا.

إِسْمَاعِيْلُ بنُ أَبِي أُوَيْس دەڵێت : پرسیارم لە خاڵم کرد (ئیمامی مالک) لەباسێکدا، ئەویش گوتی : کەمێک چاوەڕێکە، ئینجا دەستنوێژی هەڵگرت و دانیشت لەسەر جێگاکەی و گوتی : لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ.

ئەو هەرگیز فتوای نەدەدا هەتا ئاوای نەگوتبا. [1]

(١) [سيرأعلام النبلاء للذهبي]

بەراوردی نێوان پێشەوا مالك و أبو حنيفة:

لەلایەن پێشەوا **الشافعي**:

حدثنا عبد الرحمن نا محمد بن عبد الله بن عبد الحكم قال سمعت الشافعي يقول: قال لي محمد بن الحسن: أيهما أعلم بالقرآن صاحبنا أو صاحبكم؟ يعني أبا حنيفة ومالك بن أنس: قلت: على الانصاف؟قال: نعم،

قلت: فأنشدك الله من أعلم بالقرآن صاحبنا أو صاحبكم؟

قال: صاحبكم، يعني مالكا.

قلت فمن: أعلم بالسنة صاحبنا أو صاحبكم؟

قال : اللهم صاحبكم.

قال : فأنشدك الله من أعلم بأقاويل أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم والمتقدمين صاحبنا أو صاحبكم؟

قال: صاحبكم.

قال الشافعي فقلت: لم يبق إلا القياس، والقياس لا يكون إلا على هذه الأشياء، فمن لم يعرف الأصول فعلى اي شئ يقيس؟.

محمد بن عبدالله بن عبدالحكم دەڵێت : گوێم له شافعي بوو دەیگوت : محمد بن الحسن پێیگوتم : كامیان شارەزاترن به قورئان، هاوەڵی ئێمه یان هاوەڵی ئێوه ؟ واته: أبو حنيفة یان مالك بن أنس؟

منیش گوتم به ئینساف و دادپەروەرییەوه بێت ؟ گوتی بەڵێ.

منیش پێمگوت: سوێندت به الله كامیان شارەزاترن بەقورئان هاوەڵی ئێمه یان ئێوه ؟

گوتی : هاوەڵی ئێوه، واته مالك.

گوتم : كامیان شارەزاترن به سوننەت، هاوەڵی ئێمه یان ئێوه ؟

گوتی : ئەوەی ئێوه، واته مالك.

سوێندت دەدەم به الله كێ شارەزاتره به گوفتاری هاوەڵان و پێشینی ئوممەت، هاوەڵی ئێمه یان ئێوه ؟

گوتی : هاوەڵەكەتان، واته: مالك.

الشافعي دەڵێت پێمگوت : هیچ نەماوە تەنها (قیاس) نەبێت ، قیاسیش ناکرێ تەنها بەوشتانە نەبێ کە باسمان کرد ، گەر کەسێک ئصول نەزانێت، ئەی لەسەر چی قیاس دەکات ؟.[1]

لەلایەن **عبدالرحمن بن مهدي**:

حدثنا عبد الرحمن بن أبي حاتم قال: ذكره أبي رحمه الله قال: حدثني عبد الرحمن بن عمر رستة قال: سمعت ابن مهدي يقول - وقيل له يا أبا سعيد بلغني أنك قلت مالك بن أنس أعلم من أبي حنيفة، فقال: ما قلته بل اقول انه اعلم من استاد أبي حنيفة - يعني حمادا.

عبدالرحمن بن عمر رستة دەڵێ : گوێم لە ابن مهدي بوو دەیگوت ، کاتێ پێیانگوت -ئەی باوکی سعید پێمان گەیشتووە تۆ وتوتە مالك بن أنس زاناترە لە أبي حنيفة ؟

گوتی : من وام نەگوتوە، بەڵکو گوتومە لە مامۆستای ئەبو حنیفەش شارەزاترە، واتە حماد. [2]

---

(١) (الجرح والتعديل لابن أبي حاتم الرازي : مقدمة الكتاب . ما ذكر من علم مالك بن أنس وفقهه .)

(٢) (الجرح والتعديل لابن أبي حاتم الرازي : مقدمة الكتاب . ما ذكر من علم مالك بن أنس وفقهه .)

حدثنا عبد الرحمن، نا علي بن الحسين بن الجنيد، نا أبو عبد الله الطهراني قال: قال عبد الرزاق: كنا نرى أنه مالك بن أنس - يعني قوله: لا تجدوا عالما أعلم من عالم المدينة.

عبدالرزاق دەڵێت: ئێمە پێیان وابوو كە ئەو فەرموودەیە مەبەست پێی مالكە، مەبەستی فەرموودەی: (لا تجدوا عالما أعلم من عالم المدينة).يَضْرِبُوْنَ أَكْبَادَ الإِبِلِ، فَلاَ يَجِدُوْنَ عَالِماً أَعْلَمَ مِنْ عَالِمِ المَدِيْنَةِ

القاضي عياض دەڵێت : ئەو وتەیە بە صەحیحی لە سفیان بن عیینة هاتووە، واتە: پێشەوا سفیان بن عیینة تەفسیری ئەو فەرموودەی بەوە لێكداوەتەوە كەوا پێشەوا مالك بووە. [1]

دەڵێم : ئەو فەرموودە سەنەدەكەی (فيه مقال)، واتە: قسەی لەسەرە و لاوازی تێدایە لەڕووی سەنەدەوە ، بەڵام زانایان ئیستدلالیان پێوە كردووە.

واتە: بەڵگەیان پێ هیناوەتەوە.

❁❁❁

(١) (سير أعلام النبلاء للذهبي)

زیرەکی و لێهاتووی پێشەوا مالك له فەرموودەدا:

أيوب بن سويد الرملي گوتی : کەسێکم نەمبینیوە هێندەی مالك شارەزاتر بە فەرموودە .

أبو داود الطيالسي دەڵێ : وهيب - ابن خالد گوتی :

چوینە حیجاز، گوێم لەهیچ فەرموودەیەک نەدەبوو مەگەر هەندێکیان دەیانزانی و نەیدەزانی، تەنها مالك بن أنس نەبێ هەمووی دەزانی و دەناسییەوە.

يحيى بن سعيد يقول: ما في القوم أصح حديثا من مالك. يعني بالقوم: سفيان الثوري، وابن عيينة. قال: ومالك أحب إلي من معمر.

يحيى بن سعيد دەیگوت : لەنێو ئەو کۆمەڵەیەدا [واتە: زانایانی ئەوکات] هیچ یەکێکیان فەرموودەیان لە مالك ڕاستتر نیە، لەنێو ئەو کۆمەڵەیەش ئەو دوو زانایەی تیدابوو: سفيان الثوري، ابن عيينة.

جا دەیگوت: لای من مالك له پێشتره له معمر بن راشد.

قال يحيى بن سعيد: أصحاب الزهري: مالك، فبدأ به، ثم سفيان بن عيينة، ثم معمر. قال: وكان عبد الرحمن ابن مهدي لا يقدم على مالك أحدا.

يحيى القطان دەیگوت : له هاوەڵانی زوهری [إبن شهاب] یەکەمیان مالك ، [واته لەسەرەتا به پێشەوا مالك دەستی پێدەکرد]ئینجا سفیان بن عيينة و معمر بن راشد.

عبدالرحمن بن مهدي هیچ کەسێکی پێش مالك نەدەخست. [1]

عبدالملك بن عبدالحميد الميموني الرقي دەڵێت : زیاتر له جارێک خۆم گوێم له أحمد بن حنبل دەبوو دەیگوت : مالک بن انس یەکێکە له جێگیرترین کەسەکان له فەرموودەدا ، گوێ بەوەش نادەم تا پرسیار بکەم له حاڵی یەکێک که مالک فەرموودەی لێوە ڕیوایەت کردووە ، گەر مەدەنیش نەبێ،واتە: (مەدینە)یش نەبێت.

حدثنا صالح بن أحمد بن حنبل نا علي ابن المديني قال سمعت يحيى ابن سعيد يقول: كان مالك إماما في الحديث.

علي ابن المديني گوتی : گوێم له یحیی ابن سعید بوو دەیگوت : مالك ئیمام و پێشەوایە له فەرموودەدا.

---

(١) (الجرح والتعديل: ٩٠٢/٨ وه تاريخ الصغير:٢٢١/٢وه تهذيب الكمال للمزي ج٢٧ لاپەڕه ١١٣ و، سير أعلام النبلاء للذهبي)

حدثنا الربيع بن سليمان قال سمعت الشافعي يقول: إذا جاء الحديث عن مالك فشد به يدك.

الربيع بن سليمان دەڵێ : گوێم لە شافعی بوو دەیگوت :

گەر فەرموودەیەک لەلایەن مالکەوە ڕیوایەت کرا ئەوە بەتوندی دەستی پێوەبگرە.

حدثنا الربيع بن سليمان قال سمعت الشافعي يقول: كان مالك إذا شك في بعض الحديث طرحه كله.

هەر **الربيع بن سليمان** دەیگوت : گوێم الشافعي بوو دەیگوت :

ئەگەر مالک گومانی لە بەشێکی فەرموودەیەک بووایە ئەوا وازی لە هەمووی دەهێنا.

وقال العباس بن محمد بن العباس: أخبرنا الحارث بن مسكين أنه سمع بعض المحدثين يقول: قدم علينا وكيع فجعل يقول: حدثني الثبت حدثني الثبت . فظننا أنه اسم رجل، فقلنا: من هذا الثبت أصلحك الله؟ قال: مالك بن أنس.

العباس بن محمد بن العباس دەڵێ : الحارث بن مسكين هەواڵی پێداین کە گوێی لە هەندێ لە فەرموودەناسەکان بووە دەیانگوت : وكيع بن الجراح هات بۆ

لامان و دەیگوت : [الثبت ، الثبت] بۆی باسکردم، ئیمەش وامان گومان برد کەوا (الثبت) ناوی پیاوێکە ، پێیانگوت : ئەو [الثبت] ە کێیە ؟

گووتی : مالکی کوڕی ئەنەسە .

[الثبت]: بەو ئیمامانە دەگوترێ کەوا لە فەرموودەدا پێشەوا بوون، ئەم وشەیە یەکێکە لە بەرزترین پلەکانی [التعديل]، واتە: کەسێکی جێگیر، ئەوەی دەیڵێ نەگۆڕە. [1]

وقال حرب بن إسماعيل : قلت لأحمد بن حنبل: مالك أحسن حديثا عن الزهري أو سفيان بن عيينة؟ قال: مالك أصح حديثا. قلت: فمعمر؟ فقدم مالكا عليه إلا أن معمرا أكثر حديثا عن الزهري.

حرب بن إسماعيل الكرماني دەیگوت: بە احمد بن حنبل م گوت: فەرموودە و گێڕانەوەی مالک لە زوهریەوە باشترە، یان سفیان بن عيينة لە زوهریەوە؟

ئەویش وتی: فەرموودەکانی مالک ڕاستترە.

منیش وتم : ئەدی معمر ؟ دیسان مالکی پێشخست، تەنها ئەوە نەبێ معمر زۆرترین ڕیوایەتی هەیە لە زوهرییەوە.[2]

---

(١) تهذيب الكمال للمزي ج٢٧ لاپەڕە ١١٣

(٢) (العلل ومعرفة الرجال: ٣٧٠/١)

وقال عبد الله بن أحمد بن حنبل قلت لأبي: من أثبت أصحاب الزهري؟ قال: مالك أثبت في كل شئ .

عبدالله بن احمد بن حنبل دەڵێت : بە باوکم گوت : کێ جێگیرترین هاوەڵی زوهریە؟ ، فەرمووی : مالك له هەموو شتێک جێگیرترە. [1]

مەبەستی لە جێگیری فەرموودەیە(ثبت في الحديث).

وقال أحمد بن صالح المصري عن يحيى بن حسان: كنا عند وهيب فذكر حديثا عن ابن جريج، ومالك عن عبد الرحمن ابن القاسم، فقلت لصاحب لي: اكتب ابن جريج ودع مالكا، وإنما قلت ذلك لأن مالكا كان يومئذ حيا، فسمعها وهيب، فقال: تقول دع مالكا، مابين شرقها وغربها أحد، أعلم عندنا على ذلك من مالك وللعرض على مالك أحب إلي من السماع من غيره، ولقد أخبرني شعبة أنه قدم المدينة بعد وفاة نافع بسنة وإذا لمالك حلقة.

يحيى بن حسان دەڵێت : ئێمە لای [وهيب] بووین فەرموودەیەکی باسکرد، جارێک لە ڕێگای (ابن جريج)وە، جارێکیش لە ڕێگای مالك له (عبد الرحمن ابن القاسم)ەوە ، بە هاوڕێکەم گوت : فەرموودەی (ابن جريج) بنووسە و ئەوەی

(١) تهذيب الكمال للمزي ج٢٧ لاپەڕە ١١٣ .

مالك وازلێبێنە ، جا من بۆیە ئەوەم گوت : چونکە ئەوکات مالك زیندوو بوو، ئیدی (وهیب) گوێی لێبوو ، گوتی:

دەڵێیت واز لە مالك بێنە ؟ لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا کەسێک نیە شارەزاتر بێت لای ئێمە بۆ ئەم باسە جگە لە مالك ، پێم خۆشترە فەرموودە بەسەر مالکدا بخوینمەوە نەک گوێلێبوون لە کەسانی تر، دواتر شعبة بن الحجاج پێیگوتم : کەوا چووە بۆ مەدینە دوای سااڵێک لە وەفاتی نافع ، کەچی مالك کۆڕی هەبوو . [واتە: دانیشتبوو دەرسی دەگووتوە][1]

(١) (.الجرح والتعديل: ج ٨ تەرجەمەی ٩٠٢ و، تهذيب الكمال للمزي ج٢٧ لاپەڕە١١٦)

فەزڵی بۆچوونی پێشەوا مالك بەسەر تێکڕای پێشەوایان:

ئیمام **أحمد بن حنبل** دەیگوت : ئەگەر لە فەرموودە تەنها بۆچوون و ڕەئی هەبوایە هیچ شتێکی تر نەبوایە، ئەوا بۆچوونی مالکم هەڵدەبژارد.

حدثنا محمد بن يحيى أخبرني عبد السلام بن عاصم قال قلت لأحمد بن حنبل يا أبا عبد الله رجل يحب أن يحفظ حديث..فقال: يحفظ حديث مالك.

قلت: فرأي مالك؟ قال: رأي مالك.

عبد السلام بن عاصم دەڵێت : بە أحمد بن حنبل م گوت:

ئەی باوکی عبدالله ، ئەگەر پیاو حەزی بە لەبەر کردنی فەرموودە بێت چیبکات؟

فەرمووی : با فەرموودەکانی مالک لەبەرکات .

گوتم: ئەی بۆچوون و ڕەئیەکان، هەر مالک ؟ گوتی: بۆچوونی مالك.

دەڵێم : پێشەوا ئەحمەد زۆر بەتوندی دژی بۆچوون و ڕەئی وەستاوە، بەتایبەت لە دین، بەڵکو بەرپەچی توندی ئەهلی ڕەئی داوەتەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت : گەر بریار بێت پەئی هەڵبژێرم، ئەوا بۆچوونی مالك هەڵدەبژێرم، لەکاتێدا ئەبوحەنیفە و ئەوانی تر بەناوبانگ بوون بە پەئی، بەڵام وەلانراون.

يحيى بن معين دەیگوت : ئایا دەتەوێت پرسیار بکەی دەربارەی ئەوانەی مالک ڕیوایەتی لێکردوون ؟ هەموو ڕاویەکانی کە مالک ڕیوایەتی لێکردوون (ثقة) ن، واتە متمانەپێکراون، جگە لە یەک دووێک نەبن.

عبد الرحمن علي بن الحسين دەڵێ : گوێم لە أبا مصعب بوو دەیگوت : خەڵکی قەرەباڵغیەکی زۆریان دروست دەکرد لە دەرگای ماڵی مالکەوە ، کەس لەگەڵ کەس قسەی نەدەکرد، کەسیش ئاوڕی بەلای کەس نەدەداوە ، خەڵک بەو شێوە ڕاوەستابوون، جگە لە خەڵک تەنانەت دەسەڵاتدارەکانیش وەستابوون گوێیان بۆ دەگرت و، ڕێزیان دەگرت، پێشەوا مالکیش لە وەڵامی پرسیاردا تەنها دەیگوت:

بەڵێ یان نەخێر ، پێی نەدەگوت ئەوەت لەکوێ بوو.

علي ابن المديني دەڵێت : بە سفیان م گوت ، ئایا مالکت بینیوە فتوا بدا ؟

گوتی : بەڵێ ، ساڵی(١٢٣ هـ)بوو بینیم هات بۆ لای ابن شهاب، پێم وابوو تەمەنی نەگەیشتبووە(سی ساڵ) ئەوکات.

باب ما ذكر من عقل مالك بن أنس وأدبه:

باسێک :دەربارەی ئەوەی هاتووە لە دانایی و ئەقڵ و ئەدەبی مالک بن أنس:

ایوب بن سوید دەڵێت: ئەو کەسە بوی باسکردین کە ڕەبیعە بەڕاستی دادەنا(مەبەست پێی مالکە).

دەڵێ ڕەبیعە هەرکات مالکی ببینیبا دەیگوت:

ئەوە عاقڵەکە هات، یان تێگەیشتوەکە هات.

دەڵێم :ڕەبیعە یەکێکە لە شێخە هەرە دیارەکانی ئیمام مالک.

عبد الرحمن بن ابي حاتم لە کتاب (الجرح والتعديل) بابێکی داناوە بە ناوی: (شوێنکەوتنی مالك بۆ ئەسەری *رسول الله صلى الله عليه وسلم* و، وازهێنان لە فتوایەک دوای ئەوەی بە خیلافی ئەوەوە لە پێغەمبەرەوە گوترابێ).

حدثنا عبد الرحمن نا أحمد بن عبد الرحمن ابن أخي ابن وهب قال سمعت عمي يقول سمعت مالكا سئل عن تخليل أصابع الرجلين في الوضوء فقال: ليس ذلك على الناس، قال فتركته حتى خف الناس فقلت له: عندنا في ذلك سنة،

فقال: وما هي؟ قلت حدثنا الليث ابن سعد وابن لهيعة وعمرو بن الحارث عن يزيد بن عمرو المعافري عن أبي عبد الرحمن الحبلي عن المستورد بن شداد القرشي قال رأيت رسول الله صلى الله عليه وسلم يدلك بخنصره ما بين أصابع رجليه.فقال: إن هذا الحديث حسن، وما سمعت به قط إلا الساعة. ثم سمعته بعد ذلك يسأل فيأمر بتخليل الاصابع.

احمد بن عبد الرحمن کوڕی برای ابن وهب دەڵێت : گوێم له مامم بوو دەیگوت : گوێم له مالك بوو پرسیاری ئەوەی لێکرا سەبارەت به پەنجەخشاندنی نێوان پەنجەی پێیەکان لەکاتی دەستنوێژدا ، له وەڵامدا گوتی : ئەوە لەسەر خەڵکی ئەرک نییە ، دەڵێ : منیش وازم لێهێنا هەتاوەکو خەڵکی له چواردەوری نەمان ، دواتر پێمگوت : بەڵگەمان هەیە له سوننەت لەسەر ئەو باسە ، واتە فەرموودە هەیە، مالکیش فەرمووی : باسکە بزانم چیە ؟

منیش گوتم : اللیث ابن سعد و، ابن لهيعة و، عمرو بن الحارث بۆیان باسکردین له یزید بن عمرو المعافري، ئەویش له أبي عبد الرحمن الحبلي ، ئەویش له ڕێگای المستورد بن شداد القرشي یەوە دەڵێت : *رسول الله صلى الله عليه وسلم*م بینی نێوانی پەنجەی پێیەکانی (هەڵدەکڕی یان خاوێن دەکردەوە).

مالک فەرمووی : ئەوە فەرموودەیەکی (حسن)ە ، هەرگیز گوێم لێی نەبووە مەگەر تازە نەبێت کە باستکرد،

دەڵێ : دواتر دەمبیست مالک فەرمانی دەکرد بە خاوێنکردنەوەی نێوانی پەنجەی پێیەکان (تخليل الأصابع). [1]

دەڵێم:

١ / ئەو بەسەر هاتە چەندان سوود و پەند لەخۆ دەگرێت، لەوانە:

ملکەچبوون و گوێڕایەڵی یەکێک لە گەورەترین ئیمامەکانی ئوممەت لەوکات و ئێستاشدا بۆ فەرموودەی رسول الله، دوای ئەوەی زانی کە فتوای بە شتێک داوە پێچەوانەی سوننەتە.

٢ / گوێڕاگرتن و ڕێزگرتن و بەگەورە دانانی بەرامبەر، ئەگەرچی لەخۆت نزمتر بێت لەئاستی علم و زانسدا، دوای ئەوەی بە ئەدەبێکی جوان لەدوای چۆڵبوونی خەڵك پێی ڕاگەیاند.

---

(١) (مقدمة الجرح والتعديل لابن أبي حاتم)

٣ / داواکردنی بەڵگە لە کەسی بەرامبەر، کاتێ ئیمامی مالك پێیگوت: کوا بەڵگەکەت بێنە، دوای ئەوەی زانی دروستە دانیپێدانا ، کە ئەم شتە یەکێکە لە گرنگترین ڕێچکەو ڕێبازی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و، هاوەڵان و تابعین ، کە ئەویش لێکۆڵینەوە و ، وردبوونەوە و دواکردنی بەڵگەیە.

وەسفی پێشەوا مالك له لایەن گەورە زانایان:

قال سمعت يقول أئمة الناس في زماننا أربعة، سفيان الثوري بالكوفة، ومالك بالحجاز، والأوزاعي بالشام، وحماد ابن زيد بالبصرة.

عبدالرحمن دەڵێت : گوێم له عبد الرحمن بن مهدي دەیگوت:

ئەوانەی بەڵگە و حوججەن بەسەر موسڵمانانەوە له سەردەمی ئێمە چوارن، كه هیچ بەرگێكی شاراوەیان نیە بریتین له:

سفيان الثوري له كوفه، مالک بن انس له مەدینه، ئەوزاعی له شام، حماد بن زيد له بەصره.[1]

حدثنا عبد الرحمن نا علي بن الحسين نا عبد عبد الملك بن أبي عبد الرحمن قال سمعت علي ابن المديني يقول كان عبد الرحمن بن مهدي يقول: مالك أفقه من الحكم وحماد.

علي ابن المديني دەیگوت : گوێم له عبدالرحمن بن مهدي بوو دەیگوت: مالك شارەزاتره له (الحكم و حماد) .

---

(١) [مقدمة الجرح والتعديل لإبن أبي حاتم الرازي]

حدثنا عبد الرحمن نا الربيع بن سليمان المرادي قال سمعت الشافعي يقول: لولا مالك وسفيان لذهب علم الحجاز.

سليمان المرادي دەڵێت : گوێم لە شافعی بوو دەیگوت:

ئەگەر مالك و سفیان نەبووانە، زانستی حجاز لەناودەچوو.

حدثنا عبد الرحمن نا يونس بن عبد الأعلى نا خالد بن نزار قال بعث أبو جعفر إلى مالك حين قدم فقال له: أن الناس قد اختلفوا بالعراق فضع للناس كتابا تجمعهم عليه، فوضع الموطأ.

خالد بن نزار دەڵێت : أبوجعفر ناردی بەشوێن مالك و بانگی كرد، كاتێ هات (بۆ مەدینە) پێیگوت : خەڵكی لە عێراقدا كەوتوونەتە نێو ڕاجیایی و خیلافەوە، كتابێك بنووسە بۆ خەڵك تاوەكو هەموویان لەسەری كۆبنەوە [كۆك] بن ، ئەویش كتابی [موطأ] نووسی. [1]

(١) [مقدمة الجرح والتعديل]

خۆشویستنی ئیمام مالك له سوننەتەوەیە:

حدثنا عبد الرحمن نا أبي ومحمد بن مسلم قالا سمعنا ابا زياد حماد ابن زاذان قال سمعت عبد الرحمن بن مهدي يقول: إذا رأيت حجازيا يحب مالك بن أنس فهو صاحب سنة.

عبد الرحمن بن مهدي دەیگوت : ئەگەر کەسێکی حیجازیت بینی مالکی خۆشدەوێ، ئەوە بزانە لەسەر سوننەتە.

وفي حديث محمد بن مسلم: إذا رأيت المديني يحب مالكا.

یان گەر کەسێکی مەدەنیت بینی(ئەهلی مەدینە) کەوا مالکی خۆشدەویست.[1]

دەڵێم : ئەوە سیفەتی سەلەفی ئوممەت بووە، خەڵکیان بەوە تاقیدەکردەوە کە ئەگەر بێت و ئیمامێکی ئەهلی سوننەیان خۆشویستبا، ئەوا بەکەسێکی خاوەن سوننەتیان داناوە، ئەگەر بێت و ڕقیان لێیبا، دەیانگوت موبتەدیعە(بیدعەچییە) ، چونکە موسڵمانی دەستگرتوو بە سوننەت هەرگیز نابێت ڕقی لەپێشەوایانی ئەهلی سوننە بێت، هەڵبەتە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر صلى الله عليه

(١) [مقدمة الجرح والتعديل ما ذكر من استحقاق محبي مالك بن أنس السنة]

وسلم دەبینین کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خودی خۆی خەڵکی بەوە تاقیکردۆتەوە، بۆ نموونە : لەفەرموودەی (متفق علیه)دا هاتووە

له أنس و أبي هريرة كه دەفەرموێ : هیچ کەس ئەنصاری(پشتیوانان) خۆشناوێ جگە لە بڕوادار، کەسیش ڕقی لێیان نابێتەوە مەگەر دووڕوو (منافق) نەبێت.

لەریوایەتێک دەفەرموێ : آية الإيمان حب الأنصار وآية النفاق بغض الأنصار.

کەواتە : نیشانەی کوفر و ئیمان و بیدعە بە تەرازووی سوننەت دیار دەکەوێت ، بۆیە ئەگەر ورد ببینەوە سەر ئەوانەی ڕقیان لەپێشەوا دیارەکانی سەلەف دەبێتەوە، دەردەکەوێ کە لە نیفاق و گومڕاییانە.

مصعب الزبيري دەڵێت : هارون الرشید پرسیاری لە پێشەوا مالك کرد، کە خۆی هاتبووە ماڵەکەی و کوڕەکانیشی لەگەڵدا بوو، بۆ ئەوەی فەرموودەیان بەسەردا بخوێنتەوە.

ئیمام مالك گوتی : من ماوەیەکی زۆرە فەرموودەم بەسەر کەس نەخوێندۆتەوە ، بەڵکو ئەوان بۆ منیان خوێندۆتەوە.

هارون پێیگوت : باشە، خەڵک دەربکە، من بەسەرت دەخوێنمەوە، یان بۆت دەخوێنمەوە.

مالك پێیگوت : ئەگەر گشتی خەڵک بێبەش بکرێ لەپێناو هەندێکی تایبەت، ئەوا تایبەتەکە سوودمەند نابێ.

بۆیە بە [معن بن عيسى] ی گوت :کەوا بەسەری بخوێنتەوە. [1]

پێشەوا **مالك** دەیگوت:

مَا تَعلَّمْتُ العِلْمَ إلاَّ لِنَفْسِي، وَمَا تَعلَّمتُ لِيَحْتَاجَ النَّاسُ إِلَيَّ، وَكَذَلِكَ كَانَ النَّاسُ.

ئەو زانستە تەنها بۆ نەفسی خۆم فێربوومە، بۆ ئەوەش فێر نەبووم تاوەکو خەڵك پێویستیان بەمن بێت ، خەڵکیش بەهەمان شێوە. [2]

ڕێزگرتنی ئیمام مالك لە فەرموودەکانی پێغەمبەر:

أبي سلمة الخزاعي دەڵێت : ئیمامی مالك ئەگەر بیویستبایە دەربچێت و فەرموودە باسبکات ، دەستنوێژێکی هەڵدەگرت و،جوانترین جلوبەرگی کە هەیبوایە دەپۆشی [دەیکردەبەری].

هەروەها ڕیشی شانە دەکرد. [3]

---

(١) [سيرأعلام النبلاء للذهبي]

(٢) [سيرأعلام النبلاء للذهبي]

(٣) حلية الأولياء ٣١٨/٦ وە تهذيب الكمال للمزي ج٢٧ لاپەڕە ١١٠

معن بن عيسى دەڵێت : مالك بن أنس گەر ویستیبایە دابنیشێت بۆ گوتنەوەی فەرموودە، خۆی دەشوشت و خۆی بۆنخۆش دەکرد، یان ئەگەر کەسێك لە دانیشتنەکانیدا دەنگی بەرزکردبایەوە ئەوا (سەرزەنشتی دەکرد)، ئینجا دەیگوت : قال الله تعالى: {يا أيها الذين آمنوا لا ترفعوا أصواتكم فوق صوت النبي}

واتە: هەریەکێک دەنگی بەرزکاتەوە لە کاتی فەرموودەکانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ، وەکو ئەوە وایە دەنگی بەسەر دەنگی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەرزکردبێتەوە. [1]

قال إِسْمَاعِيْلُ القَاضِي: سَمِعْتُ أَبَا مُصْعَبٍ يَقُوْلُ:

لَمْ يَشْهَدْ مَالِكٌ الجَمَاعَةَ خَمْساً وَعِشْرِيْنَ سَنَةً، فَقِيْلَ لَهُ: مَا يَمْنَعُكَ؟

قَالَ: مَخَافَةَ أَنْ أَرَى مُنْكَراً، فَأَحْتَاجُ أَنْ أُغَيِّرَهُ.

پێشەوا **مالك** بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ لە نوێژی جەماعەت دابڕا، پێیانگوت: چ شتێک ڕێگرە لەبەردەمت ؟

گوتی : ترسم هەیە لەوەی خراپەیەک ببینم و پێویست بکات بیگۆڕم.

إِبْرَاهِيْمُ الحِزَامِيُّ: حَدَّثَنِي مُطَرِّفُ بنُ عَبْدِ اللهِ:

---

(١) تهذيب الكمال للمزي ج٢٧ لاپەڕە١١١ .

قَالَ لِي مَالِكٌ: مَا يَقُوْلُ النَّاسُ فِيَّ؟

قُلْتُ: أَمَّا الصَّدِيْقُ فَيُثْنِي، وَأَمَّا العَدُوُّ فَيَقعُ. فَقَالَ: مَازَالَ النَّاسُ كَذَلِكَ، وَلَكِن نَعُوْذُ بِاللهِ مِنْ تَتَابُعِ الأَلسِنَةِ كُلِّهَا.

مطرف بن عبد الله دەڵێت : مالك پێیگوتم خەڵکی چیدەڵێن سەبارەت بە من؟

منیش گوتم : هاوڕێکانت[دۆستەکانت] بەسەرت هەڵدەدەن و بەباشە باست دەکەن ، دوژمنەکانیشت قسەت لەسەر دەکەن و ناوت دەزڕێنن.

فەرمووی : بەڵێ، خەڵکی بەردەوام بەو شێوەیەن [بەو شێوە دەبن] ، بەڵام پەنادەگرین بە شوێنکەوتنی هەموو قسەیەک [واتە دوورکەوتنەوە لەڕەزامەندی خەڵك][1].

حدثنا عبد الرحمن نا أحمد بن محمد بن أبي بكر المقدمي قال سمعت القعنبي قال كنا عند حماد بن زيد وجاءه نعي مالك فقال: رحم الله أبا عبد الله، ما خلف مثله.

أحمد بن محمد بن أبي بكر المقدمي دەڵێ : گوێم لە قعنبی بوو دەیگوت : ئێمە لای حماد بن زید بووین ، هەواڵی مردنی مالک هات، ئەویش فەرمووی :

(١) سير أعلام النبلاء وه الحلية " ٦ / ٣٢١

ڕەحمەت لە باوکی عبدالله، هیچ کەسێکی وەک خۆی جێنەهێشت . واتە: لە عیلم و زانست .

ساڵی وەفاتی :ساڵی ١٧٩ هیجری وەفاتی کردووە .

پووختەی بەشێـک لە بیروباوەڕی پێشەوا مالك:

پێشەوای دار الهجرة ئیمامی **مالك** دەڵێت :

سیفەتی ئەهلی سوننە:

١ : أهل السنة هم: الذين ليس لهم لقب يعرفون به لا جهمي، ولا رافضي، ولا قدري.

واتە: ئەهلی سوننەت بریتین: لەو کەسانەی کە نازناوێکیان نییە پێیەوە بناسرێنەوە وەک: جەهمی، رافزی، قەدەری . [١]

---

(١) ئەم قەولەی پێشەوا مالك هاتووە لە :

الانتقاء لإبن عبدالبر ٣٥ ،و ترتيب المدارك ٤١/٢.

إبن عبدالبر هێناویەتی بەو شێوەیە:

الحسن بن عبدالعزيز الجروي دەڵێت : یەکێ لە شێخەکانمان گوتی : پیاوێ هاتە لای مالك و پێیگوت : ئەی باوکی عبدالله من هاتوم پرسیارێکت لێبکەم دەمەوێت ببێتە بەڵگە بۆم لەنێوان خۆم و الله عزوجل دا ، مالك فەرموی : ماشاء الله لاقوة إلا بالله ، باشە بپرسە ؟ گوتی : ئەهلی سوننە کێن ؟ فەرموی : ئەهلی سوننە ئەوانەن کەوا هیچ نازناوێکیان نیە تاپێی بناسرێنەوە، نە قەدەری، نە جەهمی، نە رافضي .

لەڕووی سەنەدەوە : الحسن بن عبدالعزيز الجروي تـ ٢٥٩هـ

شیکردنەوە :

دەڵێم : واتە موسڵمانێکی سوننی و شوێنکەوتەی مەنهەجی سەلەف، بەڵام تێڕابمێنە هەرچی گرووپی گومڕایە بانگەوازی ئەوەدەکات کەوا ئەهلی سوننەو جەماعەیە، بۆیە أبوحاتم الرازي له اعتقاد الرازيين دەڵێت : نیشانەی ئەهلی زەنادیقە ئەوەیە کە ناویان لە ئەهلی سوننە ناوە (حشوية)، مەبەستیان پووچەڵکردنەوەی ئاسارە.

قەدەریەکانیش بە ئەهلی سوننە دەڵێن : مجبرە.

جەهمیەکانیش بە ئەهلی سوننە دەڵێن : مشبهة . الخ

واتە: دەتوانین بڵێین: ئێمە بەو نیشانانە ئەهلی سوننە دەناسینەوە

بۆ نموونە : گەر گووترا فلان موجەسسیمەیە، ئەوا پێویستە بزانین ئەهلی سوننەیە، چونکە وەك أبوحاتم فەرمووی: جەهمیەکان ئاوا بە ئەهلی سوننە دەڵێن.

٢ : بە ئیمامی مالك گووترا: ئەگەر پیاوێک شارەزابوو لە سوننەت، ئایا دەمە قاڵێی لەسەر بکات ؟

ریوایەتی لە یحیی بن حسان و بشر بن بکر کردووە، عبداللّٰه بن یحیی البرلسي ثقة بووە، پێشەوایان تەوثیقیان کردووە، بەڵام شێخەکەی دیار نیە (مبهمه) واتە دیار نیە

فەرمووی : نەخێر، بەڵکو سوننەتیان پێڕابگەیەنێت ئەگەر وەریانگرت، گەرنا با بێدەنگ بێت. [1]

پێشەوا **مالك** دەڵێت:

٣ : والسنة ما لا إسم له غير السنة، قال الله تعالى: { وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِى مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ }.

سوننەت هیچ ناوێکی تری نییە جگە لە سوننەت، الله تعالى فەرموویەتی: { وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِى مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ[2] }[3]

دەڵێم : لەڕووی سەنەدەوە:

كتێبی الإعتصام للشاطبي ، كتێبی سەنەد نییە، واتە بڵێین: ئەسەرەكان بەسەنەدەوە ریوایەت بكات بەڵكو نەقڵە بێ سەنەد ، هەروەها خودی لێكۆڵەری كتێبەكەش نەیتوانیوە تەخریجی بكات ، بەڵكو گەڕاندوویەتیەوە بۆ ئەسەری

(١) جامع بيان العلم ج ٢/٢٥

(٢) [سُورَةُ الأَنعَامِ: ١٥٣]

(٣) (الإعتصام للشاطبي ج١ لاپەرە ٨٤ باب في ذم البدع .

پێشووتر كە تەحقیقمان كرد لە (الانتقاء إبن عبدالبر)، واتە ئێمەش ئەو ئەسەرە گرێ دەدەین بەوەی یەكەم، چونكە لەمانا نزیكن لێكەوە، والله أعلم) .

شیكردنەوە :

دەڵێم : دەتوانین بڵێین جگە لەڕێگای ڕاست ئەویتر هەمووی گومڕاییە.

پێشەوا **ابن جرير الطبري** دەڵێت:

(ولا تتبعوا السبل).

واتە : هیچ ڕێگایەكی تر مەگرنەبەر جگە لە سوننەت ، نەچنە سەر ڕێبازێكی تر جگە لەو، دەست بە هیچ دینێكی تردوە مەگرن پێچەوانەی سوننەت بێ ، وەك: یەهود، گاوڕ و جوولەكە، ئاگرپەرستی و بتپەرستی و جگەلەوانە ، چونكە داهێنراوەو گومڕاییە . [1]

---

(١) هەروەها هێناویەتی لە:

پێشەوا مجاهید دەڵێت : (ولا تتبعوا السبل) ، البدع والشبهات.

له إبن عباس هوه دەڵێت :عن ابن عباس قوله: (فاتبعوه ولا تتبعوا السبل فتفرق بكم عن سبيله) , وقوله: أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ [سورة الشورى: ١٣]، ونحو هذا في القرآن. قال: أمر الله المؤمنين بالجماعة، ونهاهم عن الاختلاف والفرقة, وأخبرهم أنه إنما هلك مَنْ كان قبلهم بالمراء والخصومات في دين الله .

٤ : پێشەوا **مالك** دەڵێت:

ومن أراد النجاة فعليه بكتاب الله وسنة نبيه (صلى الله عليه وسلم).

لەبارەی ئەو ئایەتە(فاتبعوه ولا تتبعوا السبل فتفرق بكم عن سبيله) , وقوله: أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ [سورة الشورى: ١٣]، هاوشێوەی ئەوانە لەقورئاندا دەڵێ : الله عزوجل فەرمانی کردووە بە ئیماندارانبەوەی لەگەڵ [جەماعەت بن] و ڕێگری لێکردوون لە ناکۆکی و گرووپ گرووپێن ، هەواڵیشی داوە کەوا گەلانی پێش ئێوەی لەناوبردووە بەهۆی مناقەشەو ناکۆکی لە دینی الله عزوجل دا .

جا دەڵێت: عن ابن عباس قوله: (ولا تتبعوا السبل فتفرق بكم عن سبيله)، يقول: لا تتبعوا الضلالات.

واتە : شوێن گومڕایی مەکەون (دەڵێم: هەموو ڕێگایەك جگە لەئیسلام گومڕاییە [عبد الله بن مسعود قال: خطَّ لنا رسول الله صلى الله عليه وسلم يومًا خطًّا فقال: هذا سبيل الله. ثم خط عن يمين ذلك الخطّ وعن شماله خطوطًا فقال: هذه سُبُل، على كل سبيل منها شيطانٌ يدعو إليها. ثم قرأ هذه الآية: (وأن هذا صراطي مستقيمًا فاتبعوه ولا تتبعوا السبل فتفرق بكم عن سبيله) .

عبدالله بن مسعود دەڵێت : ڕۆژێکیان پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم خەتێکی ڕاستی بۆ کێشاین و فەرمووی ئەوە ڕێگای الله یە عزوجل ، دواتر خەتێکی لەلای ڕاستی ئەو خەتە کێشا، دواتر لەلای چەپیەوەش کۆمەڵێکی تری کێشاو فەرمووی : ئەوانە ڕێگان، لەسەر هەر یەکێکیان شەیتانێک هەیە و خەڵکی بۆ بانگی دەکات، ئینجا ئەو ئایەتەی خوێندەوە(وأن هذا صراطي مستقيمًا فاتبعوه ولا تتبعوا السبل فتفرق بكم عن سبيله.

(بڕوانە تەفسیری إبن جرير الطبري لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا)

واته: هەرکەسێک دەیەوێت رزگاری ببێت پێویستە دەستبگرێت بە کتابی الله و سوننەتی پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم .[1]

---

(١) ئەم قەولەی پێشەوا مالك هاتووە لە:

ذم الكلام وأهله للهروي ج ٥ لاپەڕە ٧٥ ئەسەری ژمارە : ٨٦٤

دەڵێم : لەڕووی سەنەدەوە لاوازە.

الهروي هێناویەتی بەو شێوە :أخبرنا أبو يعقوب أخبرنا الحسن بن محمد الجوهري أخبرنا أحمد بن محمد بن ياسين حدثنا مذكور بن الحارث حدثنا إبراهيم بن يعقوب حدثنا بشر بن عمرا الزهراي قال سمعت مالك بن أنس يقول (من أراد النجاة فعليه بكتاب الله وسنة نبيه صلى الله عليه وسلم).

بشر بن عمر الْأَزْدِيّ الزهْرَانِي الْبَصْرِيّ:

(ثقة) متمانە بووە، پێشەوایان بە سیقەیان داناوە(رجالى كتب الستة) [واتە بوخاری و مسلم و أبو داود و النسائي و الترمذي و ابن ماجة) لە ساڵی ٢٠٩هـ وەفاتی کردوە، ریوایەتی

لە شعبة و مالك و حماد بن سلمة و ئەوانی تر کردووە.

إبراهيم بن يعقوب دەڵێ: ئەوەی بۆی گەڕام نەمدۆزیەوە لە کتوبەکانی رجال وەك : تهذيب الكمال و الميزان الإعتدال و الضعفاء للعقيلي و الكامل لإبن عدي ئەوانی تر .

مذكور بن الحارث دەڵێ: بەهەمان شێوە نەمدۆزیەوە لە کتوبەکانی رجال وەك : تهذيب الكمال و الميزان الإعتدال و الضعفاء للعقيلي و الكامل لإبن عدي و ئەوانی تر .

هەروەها لەڕووی تەخریجەوە جگە لە الهروي لە ذم الكلام لەهیچ کتابێکی تری سەنەد نەمدۆزیەوە، ئەوەندەی من بۆی گەڕام والله أعلم .)

شەرح:

دەڵێم : واتە مەرجی ڕزگاربوون لە شوبهەو گومان و، بەلاڕێداچوون و گومڕایی ئەوەیە موسڵمان دەستبگرێت بە قورئان و سوننەتی رسول الله صلی الله علیه وسلم، واتە: مەرجەع و ئیمامت پێش هەموو شت و کەس و لایەنێک تەنها ئەو دوانە بێت، هەروەها بزانیت تاکە ڕێگای ڕزگاربوونتە ، هەروەها ئەگەر وردبینەوە لەو باسە ئەوەمان بۆ ڕوونەدەبێتەوە کەوا پێشەوا مالك خۆی یەکێکە لە گەورە أتباع التابعین و بەشێکە لە خیرالقرون، ئینجا هانی موسڵمانان دەدا بەوەی بگەڕێینەوە بۆ پێش ئەوان ، لەفەرموودەی پێغەمبەریش ﷺ هاتووە : کەوا مسلم و ئەوانی تر هێناویانە بەسەنەدی ڕاست و دروست، کە دەڵێ: دووشت دوای خۆم بۆتان جێدێڵم دەستی پێوەبگرن گومڕانابن (قورئان ، کتابی الله عزوجل کەوا ڕوونا کی و ڕێنیشاندەری تێدایە بۆتان) ، دواتر لەهەندێ ریوایەت دەڵێ : سوننەتی پێغەمبەر و، لە هەندێ ریوایەتیش دەڵێت : عیترەتی آل بیت.

بەڵام ئەمەش مانای ئەوەنیە وەك بەشێک لە گرووپە گومڕاو زیندیقەکانی ئەمڕۆ بانگەوازی ئەوە دەکەن کەوا تەنها قورئان و سوننەت ، ڕاستە ئێمەش دەڵێین قورئان و سوننەت وەك چۆن پێغەمبەر و پێشەوایانی سەلەفیش وەسیەتی ئەو دووەیان کردووە بۆمان ، بەڵام ئەوانەی ئەو بانگەشەیە دەکەن لەبەرامبەریدا لەپێگەو فەزڵی پێشەوایانی سەلەفیش کەمدەکەنەوە و، دەڵێن: نابێ و ناکرێ دین لەوانە وەربگرین، هەندێکیان دەڵێن: ئەوانە شەرع دانەرن و دینیان گۆڕیوە، زۆر

قسەی تر ، بەڵام هەموو پێشەوایانی ئەهلی سوننە بەهیچ جۆرێک جارِی ئەوەیان نەداوە کە بڵێن شوێن ئیمە بکەون، بەڵکو وەک بینیتان پێشەوا مالك لەپێش هەموویانەوە دەڵێت چی ، وەك دەزانرێ ئەو پێشەوا بەڕێزە چ ڕێزو ئەدەبێکی بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەبووە، بەدەستنوێژەوە، بەدانیشتن، بە کزیەوە فەرموودەی ریوایەت کردووە ، ئیدی بانگەشەکارانی قورئان و سوننەت بە تەنها وشەیەکی حەقە، بەڵام ئامانجێکی پووچی لەپشتە، چۆن و بەچ شێوەیەك دەکرێ بەو ئیمانە بگوترێ (خۆیان وکتێبەکانیان بتن)، سبحان الله چ سەردەم و سات و زەمانێکی گوماناوین، ئەو پێشەوا بەڕێزانەی خەڵکی لەدووری مانگە ڕێگا دەچوونە لایان بۆ تێگەیشتن لە دین، کەچی ئێستاش وایان پێ بگوترێ.

٥ : پێشەوا **مالك** دەڵێت:

والسنة سفينة نوح، من ركبها نجا، ومن تخلف عنها غرق.

واتە: [سوننەت کەشتی نوحە، هەرکەسێک سواری ببێت [دەست بەسوننەتەوە بگرێت ئەوا رزگاربووە،ئەوەیشی دوابکەوێت و دەست بەسوننەتەوە نەگرێت] ئەوا نقوم دەبێت] .[١]

(١) ئەم قەولەی پێشەوا مالك هاتووە لە : ذم الكلام هێناویەتی بەو شێوە: ==

شیکردنەوە:

کەشتی ڕزگابوونت لە فتنە و گومڕایی تەنها سوونەتە، واتە: دوورکەوتنەوە لەهەموو شتێک پێچەوانەی سوونەت بێ، وەك لەسەرەوە باسمان کرد کە گەڕانەوەیە بۆ ئەسڵ و، لادان لەو ڕێگا چەوت و خوارانەی کەوا لەناوبەرن ،

= أخبرني غالب بن علي أخبرنا محمد بن الحسين أخبرنا محمدابن المظفر الحافظ حدثنا الحسن بن أبي طيبة حدثنا أحمد بن صالح قال قال ابن وهب كان عند مالك بن أنس فذكرت السنة فقال مالك (السنة سفينة نوح من ركبها نجا ومن تخلف عنها غرق)

(ذم الكلام للهروي ٨٧٢)

هەروەهاخطيب البغدادي لە تأريخ بەو شێوە هێناویەتی:

أخبرنا عَلِيّ بن المحسن الْمُعَدَّل، من أصله، قَالَ: أخبرنا مُحَمَّدُ بْنُ المظفر، قَالَ: حَدَّثَنِي الْحَسَن بن أَبِي طيبة المصري ببغداد، قَالَ: حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ صالح، قَالَ: قَالَ ابن وهب: كنا عند مالك فَذَكَرْتُ السُّنَّةَ، فَقَالَ مَالِكٌ: السُّنَّةُ سَفِينَةُ نُوحٍ، من ركبها نجا، ومن تخلف عنها غرق. (ج ٨ لاپەڕە ٣٠٨ ژمارە ٣٨٠٣)

خطيب البغدادي و الهروي هەردووکیان لە مُحَمَّدُ بْنُ المظفر، ئەویش لە الْحَسَن بن أَبِي طيبة المصري، دواتر لە أَحْمَدُ بْنُ صالح، قَالَ: قَالَ ابن وهب: كنا عند مالك.

هەموویان (ثقة)ن، تەنیا (الْحَسَن بن أَبِي طيبة المصري) نەبێت کەوا (مجهوله) . سەنەدی خطيب البغدادي صەحیحترە وەك لە الهروي.

بەهۆی (محمد بن الحسين) کەوا الهروي ریوایەتی لێوە کردووە، چونکە دوو(محمد بن الحسين) قوتابی (محمد بن الظفر)ن، یەکێکیان[ضعيفة] و ئەویتریان [صدوق]، لێرەشدا دیاری نەکراوە، بۆیە بە نادیاری دەمێنێتەوە ،والله أعلم .

چونکه تۆ گەر بەسوونەت خۆت پڕ چەکی زانست نەکەی، ئەوا دڵنیابە لەدەریای گومڕایی دەخنکێیت.

٦ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

وقبض رسول الله (صلى الله عليه وسلم) وقد تم هذا الأمر واستكمل، فإنما ينبغي أن نتبع آثار رسول الله (صلى الله عليه وسلم) ولا يتبع الرأي، فإنه متى اتبع الرأي جاء رجل آخر أقوى في الرأي منك فاتبعته، فأنت كلما جاء رجل غلبك اتبعته، أرى هذا لا يتم .

واته: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وەفاتی کرد و ئەم دینەش تەواو و کامڵ بوو، پێویستە لەسەرمان شوێنکەوتەی فەرموودەکانی پەیامبەری الله (صلى الله عليه وسلم) بین و شوێنکەوتەی بۆچوون و ڕەئی کەس نەبین، چونکه هەرکاتێک شوێنی ڕەئی کەوتیت و پیاوێکی تر هات لە بۆچوون و ڕەئیدا لە تۆ بەهێزتربێت تۆش شوێنی دەکەویت، جا چۆن دەبێ هەرکاتێ پیاوێک هات و بەسەرتدا سەرکەوت تۆش شوێنی بکەویت، بەڕاستی من وایدەبینم ئەمە تەواو نابێت و کۆتایی پێنایەت .[1]

(١) ئەو قەولەی پێشەوا مالك هاتووە لە:
إبن عبدالبر لـه جامع بيان العلم ١٤٤/٢ وه الإعتصام للشاطبي ج١ لاپەڕە ١٨٦. ==

دەڵێم : باسەکە ڕوونە، بەڵام بەپووختی: لادان لە سوننەت هۆکارێکە بۆ گومڕابوون و بەردەوامبوون لەسەر گۆڕان، لە گومڕایی بۆ یەکێکی تر .

٧ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

ومن خالف السنة فإني أخشى عليه الفتنة، وأي فتنة أعظم من أن ترى أنك سبقت إلى فضيلة قصر عنها رسول الله (صلى الله عليه وسلم)، قال الله تعالى: { فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ}[1]

واتە: هەرکەسێک سەرپێچی سوننەت بکا، دەترسم توشی فیتنە ببێت، ئایا چ فیتنەیەک لەوە گەورەترە کە پێت وابێت تۆ کارێکی چاکت کردووە، لەهەمان کاردا پەیامبەری الله (صلى الله عليه وسلم) کەمتەرخەمی کردبێ و، ئەنجامی نەدابێ و بە ئوممەتەکەی نەوتبێ!، الله تعالى فەرموویەتی: {فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ } واتە: (دەبێ ئەوانەی سەرپێچی لە فەرمانی پەیامبەر (صلى الله عليه وسلم) دەکەن بترسن،

= بەڵام ، تەنیا لە الإعتصام للشاطبي دۆزیمەوە ، وەك كتابى الشاطبيش سەنەد نییە، بەڵکو نەقڵە ،لەچەندان نوسخەی جامع بيان العلم گەڕام نەمدۆزیەوە لای خۆم و لە مکتبەی شاملە بەو ژمارەی کەوا داندراوە، هەروەها دەتوانین ئیستدلالی پێوەبکەین وەک چۆن زانایان هێناویانە و ئیستدلالیان پێوە کردووە، والله أعلم) .

(١) [سُورَةُ النُّورِ: ٦٣].

كه سەرەنجام تووشی بەڵا و نەهامەتێک ببن، یان تووشی سزایەکی بە ئێش ببن.[1]

شیکردنەوە:

وەك لەپێشدا باسمان كرد، لادان لەسوننەت دەبتە هۆی گومڕایی، یەكێک لەو گومڕاییانەش ئەوەیە وەك پێشەوا مالك باسیدەكاتن، پەنا بە الله .

---

(١) لەڕووی تەخریجەوە:

له الإعتصام للشاطبي ج١ لاپەڕە٢٣٠و ٢٣١

بەو شێوە هاتوە بە تەفاسیڵ، و حكى ابن العربي عن الزبير بن بكار قال سمعت مالك بن أنس وأتاه رجل فقال يا أبا عبد الله من أين أحرم؟ قال "من ذي‌الحليفة من حيث أحرم رسول الله صلى الله عليه وسلم". فقال: إني أريد أن أحرم من المسجد، فقال: "لا تفعل") قال: فإني أريد أن أحرم من المسجد من عند القبر، قال: "لا تفعل، فإني أخشى عليك الفتنة" ،فقال وأي فتنة في هذه؟ إنما هي أميال أزيدها، قال: "وأي فتنة أعظم من أن ترى أنك سبقت إلى فضيلة قصر عنها رسول الله صلى الله عليه وسلم؟ إني سمعت الله يقول: {فليحذر الذين يخالفون عن أمره أن تصيبهم فتنة أو يصيبهم عذاب أليم} لێرەگەڕاندوویانەوە بۆ (أحكام القرآن)لإبن العربي عند الآية ٤٣٢/٣وە إبن بطة العكبري ١٦١,١٦٢/١ بەڵام ، گەڕام له إبانة الكبرى نەمدۆزیەوە ، والله أعلم .)

٨ : پێشەوا **مالك** دەڵێت:

عمری کوڕی عبدالعزیز وتی: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و کاربەدەستانی دوای ئەویش [خەلیفە راشدینەکان] چەند سوننەتێکیان داناوە، وەرگرتن و دەستگرتن بەو سوننەتانەوە بریتیە لە شوێنکەوتنی کتابی الله، هەڵبەتە تەواوکەرە بۆ گوێڕایەلیکردنی الله عزوجل، بەڵکو بەهێزبوونە لەسەر دینی الله، هیچ یەکێک لەخەڵکی بۆی نییە ئەم سوننەتانە بگوڕێت، یانیش لایانبدات و بچێت سوننەتی تر بخاتە شوێنی ئەم سوننەتانە، یاخود بۆی نییە سەیری شتێک بکات کە پێچەوانەی ئەم سوننەتانە بێت، هەرکەسێک بەم سوننەتانەوە هیدایەتی وەرگرت، ئەوا هیدایەتدراوە، هەرکەسێکیش بەم سوننەتانەوە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەوا سەرکەوتووە، یاخود هەرکەسێک واز لەم سوننەتانە بهێنێت، ئەوا شوێن رێگا و رێبازێک کەوتووە جگە لە رێگا و رێبازی ئیماندارانی، بێگومان پەروەردگار واز لەو کەسە دەهێنێت کە ئەو رێگا و رێبازەی لەدونیادا هەڵبژارد، بێگومان جگە لە رێگا و رێبازی ئیماندارانی ئەویتر دەیباتە ناو جەهەننەم و، جەهەننەمیش سەرەنجامێکی زۆر خراپ و خراپترین شوێنە .[1]

---

(١) ئەم ئەسەرە هاتووە لە : السنة لعبد الله ٧٤٣ قال حدثني أبي حدثنا عبدالرحمن بن مهدي قال سمعت مالك ...

(ڕاستترین سەنەدە)هەروەها لێکۆڵەر گێڕاویەتیەوە بۆ الإبانة الكبرى لإبن بطة ٢٤١ و شرف أصحاب الحديث للخطيب البغدادي، و الخلال له السنة ١٣٢٩ ،هەروەها جگە لەوانیش .

٩ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

وما قلت الآثار في القوم إلا ظهرت فيهم الأهواء، ولا قلت العلماء إلا ظهر في الناس الجفاء .

واتە: لەناو هیچ قەومێکدا فەرموودەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و ئاثارەکانی سەلەف کەمنەبوونەتەوە ، مەگەر بیدعەو شوێنکەوتنی هەواو ئارەزوو لەنێوانیاندا دەرکەوتووە و بلاوبووتەوە، ئەگەر زانایانیش کەمبوونەوە نیشانەی دوورکەوتنەوە و لادانی خەڵکە لە دین .[١]

---

(١) ئەم قەولەی پێشەوا مالك هاتووە لە :

ذم الكلام وأهله للهروي ج٥ لاپەڕە ٧٩ ژمارە ٨٦٩ بەو شێوە :قال الهروي : أخبرني غالب بن علي أخبرنا محمد بن الحسين حدثنا عبيد الله ابن محمد بن حمدان بعكبرا أخبرنا علي بن يعقوب حدثنا أبو زرعة الدمشقي حدثنا ابن أبي أويس قال سمعت مالك بن أنس يقول (ما قلت الآثار في قوم إلا ظهرت فيهم الأهواء ولا قلت العلماء إلا ظهر في الناس الجفاء.

لەڕووی سەنەدەوە:

★إبن أبي أويس : إسماعيل بن أبي أويس ، صدوق يخطيء ، بەشێک لە زانایان بەلاوازیان داناوەو بە شێکیش بەکەسێکی متهانە، ئیمامی احمد دەڵێ : لابأس بـه، النسائي دەڵێ : ضعيف، ابن عدي له الكامل دەڵێت : هەندێ ریوایەت لە (خالی مالك) دەکات کەسی تر نەیکردووە ، بوخاری و موسلیم ریوایەتیان لێوە کردووە .

★أبو زرعة الدمشقي دەڵێ :عبد الرحمن بن عمرو بن عبد الله بن صفوان بن عمرو النصري ، ثقة و ئیمام بووە ،

قال عبد الرحمن بن أبي حاتم : كان أبو زرعة الدمشقي رفيق أبي ، وكتبت عنه أنا وأبي ، وكان ثقة صدوقا . هەروەها خاوەنی کتابی تأریخ أبو زرعة الدمشقية .

★علي بن يعقوب دەڵێ : ثقةيه و ئيمامه .

★عبيدالله بن محمد بن حمدان دەڵێ : عبيد الله بن محمد بن محمد بن حمدان بن عمر بن عيسى بن إبراهيم بن سعد بن عتبة بن فرقد . له (٣٠٤ هـ) لەدايك بووە، .

لە(٣٨٧هـ) وەفاتی کردووە ،ئیمام بووە لە عقیدە خاوەنی کتابی إبانة الكبرى يه ، بەڵام لەڕووی حفظەوە خەراپ بووە ، بۆیە بەشێک تەضعیفیان کردووە و بەشکیش توثیق.

★محمد بن الحسين دەڵێ : محمد بن الحسين بن موسى بن خالد بن سالم بن راوية بن سعيد بن قبيصة بن سراقة.

نەسەبی : النيسابوري, الأزدي, السلمي.

لەساڵی ٣٣٠ لەدایکبووە، لە ساڵی ٤١٢ وەفاتی کردووە.

ابن الجوزي دەڵێ : ضعيف الحديث ، الذهبي يش قسەی لەسەر کردووە.

خطيب البغدادي دەڵێ : صاحب حديث مجودا .

الحاكم النيسابوري دەڵێ : كثير السماع والطلب والحديث متقنا فيه .

واتە : هۆکاری سەرهەڵدان و زیادبوون و زۆربوونی ئەهلی بیدەع و داهێنراوەکانیان پشت هەڵکردنە لە سوننەت و دژایەتیەتی، چونکە هەرکات دژایەتی و سەرپێچی سوننەت و ئەسەری سەلەف کرا، ئەوا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی، کەمبونەوەشی هۆکاری زیادبوونی بیدعەیە، چونکە تاکە چەک و قەڵغانی پارێزگاری و پارێزبەندی بۆ لادان و نەهێشتنی داهێنراو و زیادکراو لە دین، تەنها گەڕانەوەیە بۆ سوننەت و ئەسەر .

بیروبـاوەڕی پێشەوا مالك لەبارەی الأسماء والصفات .

١٠ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

فەرموودەکانی کەوا هاتوون لەبارەی سیفاتی الله تعالی هەمووی وەردەگرین بەو شێوەی کەوا هاتووە بەبێ هیچ چۆنیەك. [١]

---

(١) لەڕووی سەنەدەوە صەحیحە، ئەم قەولەی پێشەوا مالك هاتووە لە شرح أصول السنة للالكائي بەژمارە ٨٧٥ بەو شێوە: أخبرنا عبد الرحمن بن أحمد القزويني، قال: ثنا محمد بن أحمد بن منصور القطان، قال: ثنا عبد الرحمن بن أبي حاتم، قال: ثنا إسماعيل بن أبي الحارث، قال: ثنا الهيثم بن خارجة، قال: سمعت الوليد بن مسلم، يقول: سألت الأوزاعي وسفيان الثوري، ومالك بن أنس، والليث بن سعد عن هذه الأحاديث التي فيها الرؤية , فقالوا:(أمروها بلا كيف).

★الوليد بن مسلم دەڵێ: ئیمام و کەسێکی متمانە یە .

★الهيثم بن جميل دەڵێ: ئیمام و ثقة یە و، شێخی احمد و ئەوانی تر ە .

★أسماعيل بن أبي الحارث : إبن أبي حاتم دەڵێ : إسماعيل بن أسد وهو إسماعيل بن أبي الحارث ، كتبت عنه مع أبي وهو ثقة صدوق، سئل أبي عنه فقال: صدوق . (الجرح والتعديل ج٢/لاپەڕە ١٦١ ژمارە ٥٣٩)

★عبدالرحمن بن أبي حاتم دەڵێ: ئیمام و ثقة یە و، خاوەنی کتابەکانی : تفسير و العلل و الجرح والتعديل و اعتقاد الرازيين و المراسيل ە. جگە لە لالكائي . الآجري هێناویەتی الشريعة ٧٢٠

شیکردنەوە: ئەو ئەسەرە ئەگەر لێی ووردبینەوە دەبێتە (کۆدەنگی) پێشەوایانی ئەهلی سوننەی سەلەفی ئوممەت ،

چونکە هەریەک لە:

سفيان الثوري : پێشەوا و ئیمام و حوججە بووە، سەرمەشقی ئەهلی کوفە بووە.

الأوزاعي الشامي : پێشەوا و پێشەنگ و حوججە بووە و ئیمامی ئەهلی شام بووە.

مالك بن أنس : ئیمام و پێشەوای دار الهجرە(مەدینە) بووە.

الليث بن سعد : پێشەواو حوججە بووە و پێشەنگ بووە، ئیمامی ئەهلی میسر بووە.

واتە : کۆدەنگی ئەو پێشەوایانەی لەسەرە و، هەموویان بەو شێوە وەریانگرتوە و نکۆڵیان لێنەکردووە، تەنانەت زۆر بەتووندی دژی ئەوانە بوونە کەوا تأویل و تعطیل و تکیف یان کردوە ، (واتە: لێکدانەوە و پەکخستن وچۆنیەتی) .

کەواتە ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەوانەی خۆیان داوەتە پاڵ مەنهەجی پێشەوا مالك دوای ئەو، دوورن لە مەنهەجی ئەو، چونکە وەك دەبینرێ مالک

هەروەها الصابوني له عقيدة السلف ٩٠ وإبن عبدالبر له الانتقاء لاپەڕە ٣٦ .)

قبوڵی هەموو فەرموودەکان دەکات و ئیسپاتی حەقیقی دەکات، بەڵام بێ هیچ چۆنیەك، واتە بۆ نمونە:

ئەو فەرموودەو ئەسەرانەی کەوا هاتوون لەبارەیی دەست و پێیەکان و هاشێوەکانی، وەری دەگرێت و دانیپێدا دەنێ، بەڵام نالێت چۆنە و چۆن نییە ، پێچەوانەی ئەوانی تر کەوا خۆیان بەو هەڵواسیوە کە تعطیل و تأویل(لێکدانەوە وپەکخستنی)بۆ دەکەن، واتە : دانی پێدانانێن .

١٢ : پێشەوا **مالك** دەڵێت:

قال تعالى: الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى [١]

والإستواء منه غير مجهول و الكيف غير معقول والإيمان به واجب والسؤال عنه بدعة[٢] .

---

(١) [طه:٥]

(٢) ئەم قەولە مەشهورەی پێشەوا مالک هاتووە لە الشريعة للآجري ٧٢٠ .

دەڵێم : لەڕووی سەنەدەوە:

عادل آل حمدان ئەو ئەسەرەی گەڕاندووتەوە بۆ پێشەوا الآجري له الشريعة ٧٢٠ ،بەڵام بەو لەفظة نەهاتووە بەڵکو بەو شێوەیە : الوليد بن مسلم، يقول: سألت الأوزاعي وسفيان ==

شیکردنەوە :

ئەو بەشەیان هەر پەیوەستە بەوەی سەرەوە کە باسمان کرد، چونکە تایبەتە بەوەی الله عزوجل لە ئاسمانە و، کۆدەنگی ئەهلی سوننەی لەسەرە.

ئەو ئەسەرەی پێشەوا مالك یەکێکە لە ناسراوترین ئەسەرەکان، بەجۆرێک پەرتووکە بیروباوەڕیەکانی پێشەوایانی سەلەف و جگە لەوانیشی پڕکردووە لە قسەکردن لەسەر ئەو باسە.

ئەسڵی ئەو باسە (وەڵامە)، چونکە پرسیاری لێکراوە و وەڵامەکەی بەو شێوە داوەتەوە.

ئەسەرەکە لەڕووی دروستی و صحەتەوە (صحیح)ـە و ڕوونە وەکو ڕۆژی ڕووناك، بەڵکو لە ١٠ ڕێگەی جیاوازەوە هاتووە، زۆرینەیان صەحیحن ، بۆیەش

= الثوري، ومالك بن أنس، والليث بن سعد عن هذه الأحاديث التي فيها الرؤية , فقالوا:(أمروها بلا كيف) كە لە پێشدا باسمان کرد.

هەروەها سەنەدی الآجري لێکۆڵەر: تضعيفي کردووە بەهۆی (أبو حفص عمر بن مدرك) کەوا جرح کراوە، (واتە: تانەی لێدراوە لە ڕووی ڕیوایەت)

پێشەوا یحیی بن معین دەڵێت : كذاب.

بەڵام ، بەریوایەتی تر هاتووە کەوا صحيحة هەریەك لەوانە هیناویانە:

البيهقي له الأسماء والصفات ١٩٨/٢ و أبو عثمان الصابوني له عقيدة السلف أصحاب الحديث ح٩٠لاپەرە ٥٦ .

وادەڵێم: چونکه (موخالفین) پەددی دەدەنەوە و پەفزی دەکەن بەوەی لاوازە، هەندێکیشیان تەنانەت دەستکاری وشەی (الإستواء غیر مجهول)کردووە، کردوویانە بە (مجهول).

سەیرکەن شەڕ و باسەکە لەسەر یەک وشەیە، بابزانین چۆن؟

چونکه کۆدەنگی ئەهلی سوننەی لەسەرە لە سەلەف و خەلەف، بەوەی (الإستواء غیر مجهول) واتە: (معلومه) وەك چۆن لە ریوایەتی عەقیدەی سەلەفی الصابوني هاتووە بەوەی (الإستواء معلوم) واتە: بەرزبوونەوەی الله عزوجل بۆ سەرووی ئاسمان ڕوون و ئاشکرایە و، زانراوە و دانی پێدانراوە کەوا لەسەرووی عەرشەوەیە.

بەڵام نابێ مرۆڤی موسڵمان ئەوەی ناڕوون و نادیار و نەزانراوە هەوڵی زانینی بدات، ئەویش (چۆنیەتییەکەیەتی).

واتە (بڵێین: چۆنەو چۆن نییە) لەبەرئەوەی کاتێک ئەو پرسیارە لە پێشەوا مالک کرا پێیانگوت : ئەی مالك، الرحمن علی العرش استوی کیف استوی یا أبا عبدالله؟ دەڵێن لێرەدا پێشەوا مالك هێنده توڕە دەبێت لەهیچ باسێک وا توڕە نەبووە، بەجۆرێک سەری کز دەکات و ئاخ هەڵدەکێشی لەبەر قورسی و گەورەیی و مەترسی پرسیارەکە، دەزانن بۆ ؟ چونکه خودی پرسیارەکە چوونە نێو

وردەکارییەکەی حەڕام کراوە ، واتە: نابێ بەدوای چۆنیەتییەکەی دابچیت ، چونکە پێشەوا مالك دەفەرموێ (والسؤال عنه بدعة).

واتە: پرسیارکردن لێی ڕێگەپێدراو نییە و بیدعەیە.

بەڵکو ئەوەی لەسەر ئێمەی موسڵمانە دانبنێین بەو باسە، ئەویش بە بەرزبوونەوەی الله عزوجل کە لە ئاسمان و سەرووی عەرشەوەیە، چونکە قسەی پێشەوا مالك و کۆدەنگی سەلەفی ئوممەتی لەسەرە، بەوەی (والإیمان به واجب) واتە: واجبە لەسەرمان کەوا بڕوای پێبهێنین.

نە لە کاری بخەین، نە تەئویلی بێ بنەمای بۆ بکەین ، چونکە موخالفین دەڵێن: (استولی) واتە: الله عزوجل دەستی بەسەر عەرشدا گرتووە و زاڵبووە بەسەری، بەڵام ئەو لێکدانەوەیە قبوڵ کراو نییە و، پێچەوانەی لێکدانەوەی سەلەفی ئوممەتە.

١٣ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

(النزول) دابەزینی الله حەقە ، فەرموودەکەش بەوشێوە وەردەگرین کەوا هاتووە، بێ هیچ چۆنیەتییەك و بێ دیاری کردن ، تەنها بەوە نەبێت کەوا بەڵگە و ئەسەری لەسەر هاتووە ، ئەوەی هاتووشە لەقورئان ، قال الله تعالى (فَلَا تَضْرِبُواْ

لِلَّهِ ٱلْأَمْثَالَ) الله دادەبەزێت، چۆن بیەوێ بە تواناو زانست و، زانیاری و گەورەیی خۆی، زانست و زانیاری پەروەردگار دەوری هەموو شتێکی داوە . [1]

شیکردنەوە:

(النزول) دابەزینی الله عزوجل یەکێکە لە باسەکانی بیروباوەڕ، کەوا ئەهلی سوننە زۆر تەئکیدیان لەسەر کردۆتەوە و، لە کتێبەکانیان باسێکی تایبەتیان بەو ناوە داناوە، (النزول) کە بەمانای دابەزینی الله عزوجل دێ بۆ ئاسمانی دونیا،ئەمەش بە بەڵگەی فەرموودەی صەحیح و ئەسەری هاوەڵان و، تابعین و ئەتباعیان جێگیر بووە لەو بارەیەوە، بەو شێوە :

فەرموودەی صەحیح:

عن أبي هريرة أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: ينزل ربنا تبارك وتعالى كل ليلة إلى سماء الدنيا حين يبقى ثلث الليل الآخر، فيقول: من يدعوني فأستجيب له، ومن يسألني فأعطيه، ومن يستغفرني فأغفر له.

---

(١) ئەم قەولەی پێشەوا مالك هاتووە لە:

أصول السنة لإبن أبي زمنين لاپەڕە ١١٣ ح٤٦ .

أبو محمد إبن أبي زمنين باسێکی داناوە بەناوی (في الإيمان بالنزول)، جا دەڵێ: لە وتەکانی ئەهلی سوننە ئەوەیە دانبنێی و باوەڕت بە دابەزینی الله عزوجل هەبێت.

جا دەڵێ : وهب هەواڵی پێدام کە ئەویش لە ابن وضاح ەوە، ئەویش لە ڕێگای زهير بن عبادة ەوە دەڵێت : هەموو ئەوانەی پێیان گەیشتووم لە شێخەکانمان

هەریەک لە : مالك بن أنس، سفيان الثوري، فضيل بن عياض، عيسى ، ابن المبارك و وكيع بن الجراح هەموویان دەیانگوت : (النزول حق) ، (دابەزینی الله حەقە).

واتە: کۆدەنگی ئەو پێشەوا بەڕێزانەیە[1]

کەواتە ئەو فەرموودە و ئەسەرانە بەڵگەی ڕوونن بۆ ئەوەی الله عزوجل لە ئاسمانە و لەسەر عەرشەوەیە، قال الله عز وجل :

(يُدَبِّرُ الْأَمْرَ مِنَ السَّمَاءِ إِلَى الْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ).

وقال تعالى : (أَأَمِنتُم مَّن فِي السَّمَاءِ أَن يَخْسِفَ بِكُمُ الْأَرْضَ).

وقال: (أَمْ أَمِنتُم مَّن فِي السَّمَاءِ أَن يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا).

---

(١) (إبن أبي زمنين ج١ لا١١٣ باب في النزول)

وقال: (إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ).

لەبارەی دابەزینەوە ئەسەر و قسەی پێشەوایان گەلێ زۆرە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئێمە وەك موسڵمان دانیپێبنێین و نکۆڵی لێنەکەین وەك ئەوانەی دەڵێن : گەر الله دابەزێت بۆ ئاسمان کەواتە جێگای چۆڵ دەبێت ؟ پەنا بە الله ئەوانە لە گەورەیی و شکۆی الله عزوجل کەم دەکەنەوە.

وەڵامی گوومانێك لەبارەی ئەوەی کەوا دەڵێن : ئیمام مالك لەبارەی دابەزینەوە گوتویەتی: فەرمانی الله دادەبەزێت نەك خۆی .

لێرە دەپرسین ئایا ڕاستە ؟

وەڵام: لەو بارەوە چەند ڕیوایەتێک هاتوون :

یەکەمیان:

إبن عبدالبر له التمهيد هێناویەتی ج ٧لاپەڕە ١٤٣ بەو شێوەیە:

وقد روى محمد بن الجَبُّلي ، وكان من ثقات المسلمين بالقيروان قال : حدثنا جامع بن سوادة بمصر ، قال حدثنا مطرف عن مالك بن أنس أنه سئل عن الحديث : عن الله ينزل في الليل إلى سماء الدنيا فقال مالك : ينزل أمره .

ئەم ریوایەتە لەسەنەدی دا (محمد بن علي الجَبُّلي) تێدایە :

الذهبي له كتێبی الميزان ٦٥٩/٣ لەبارەیەوە دەڵێ: الشاعر فصيح، سائر القول روى عن عبدا لوهاب الكلابي ومدح أبا العلاء المعري فجاوبه بأبيات.

خطيب البغدادي دەڵێت : دەڵێن کەوا ڕافیزە بووە .

هەروەها (جامع بن سودة)ی تێدایە کەوا لاوازە و پێشەوا الدارقطني دەڵێ ضعيف ، الذهبي یش قسەی لەسەر کردووە له الميزان ٣٨٧/١.

کەواتە ئەو سەنەدە سابت و جێگیر نەبووە والله أعلم .

ڕیوایەتی دووەم:

الذهبي له سير هێناویەتی ١٠٥/٨ دەڵێ : وقال ابن عدي حدثنا محمد بن هارون بن حسان حدثنا صالح بن أيوب حدثنا حبيب بن أبي حبيب حدثني مالك قال : يتنزل ربنا تبارك وتعالى أمره فأما هو فدائم لا يزول .

ئەم سەنەدەش هەریەک (صالح بن أيوب) و (حبيب بن أبي حبيب) تێدایە:

سەبارەت بە (حبيب بن أبي حبيب) :

يحي بن معين دەڵێ : ليس بشيء .(هیچ نییە).

امام أحمد دەڵێ : ليس بثقة ،(جێگای متمانە نییە) و فەرموودەی درۆش هەڵدەبەستێت.

النسائي دەڵێت : متروك الحديث . (تەرکی فەرموودەی کراوە)

ابن عدي دەڵێ :هەموو ئەو فەرموودانەی کەوا لە مالك ریوایەت دەکات درۆن و هەڵیبەستوە .

سەبارەت بە (صالح بن أيوب) ئەویش لە (حبيب بن أبي حبيب) :

الذهبي لە سير (١٠٥/٨)دەڵێت : نایناسم و، (حبيب)یش بەناوبانگە بە درۆ.

کەواتە ئەو سەنەدەش لاوازە، چونکە (نەناسراو)مجهول و درۆزنێکی تێدایە.

هەروەها السبكي لە السيف الصقيل (١٢٨) بەهەمان شێوە هێناویەتی: حدثنا عمر بن الربيع ، ثنا أبو أسامة ، ثنا ابن أبي زيد عن أبيه عن حبيب كاتب مالك بن أنس عن قول النبي صلى الله عليه وسلم : ينزل ربنا تبارك وتعالى إلى السماء الدنيا كل ليلة ، قال ينزل أمره كل ليلة أما هو فهو دائم لا يزول " وهو بكل مكان.

ئەمەشیان سەنەدەکەی لاوازە و هەڵبەستراوە، جگە لەوەش زیادەیەکی مونکەری پیسی تێدایە، بۆ سەرخستنی بیروباوەڕی خۆی هێناویەتی ئەویش کاتێ دەڵێ :وهو بكل مكان .

کەواتە : هەموو ریوایەتەکان لاواز و هەڵبەستراون، گەر ئەهلی هەواو ئارەزوو ئەو ریوایەتەش بهێنن بێگومان ئاماژە بە سەنەدی ناکەن، تەنهادەیهێنن وەک بەڵگە و سەرخستنی مەنهەجیان، گەرنا ئەوەی بە صەحیح هاتووە ئەوەیە کە لە سەرەوە باسمان کرد .

١٤ :پێشەوا **مالك** دەڵێت :

ئیماندارانِ سەیری الله عزوجل دەکەن لە ڕۆژی قیامەتدا بە چاوەکانیان ، (وجوه یومئذ ناضرةإلی ربها ناظرة) هەرکەسێک بڵێت: بەڵکو سەیری پاداشتی الله دەکەن نەک الله، ئەوا درۆی کردووە ، بەڵکو سەیری الله دەکەن بەبینین.[١]

شیکردنەوە:

بینینی الله عزوجل سابت و جێگیرە بە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا و بێ پەردە، بەڵکو بینێنێک بەچاوی سەر، چەندان ئایەت بەڵگەی یەکلاکەرەوەن

---

(١) ئەم قەولە هاتووە لە : الشريعة للآجري ٥٧٤ ==

= الآجري هێناویەتی دەڵێت : حدثنا أبوبكر بن أبي داود قال حدثنا احمد بن صالح قال حدثنا عبدالله بن وهب قال قال مالك رحمه الله...

(رجالەکان) هەمووی [ثقة] و کەسانی متمانەن و ئیمامن. هەروەها لالكائي بەهەمان شێوە هێناویەتی ٨٧٠ لە احمد بن صالح عن ابن وهب عن مالك .

لەو باسە، بەو شێوەیە:

قال الله(للذين أحسنوا الحسنى وزيادة).

وقال : (وجوه يومئذ ناضرةإلى ربها ناظرة) .

وقال : (كلا إنهم عن ربهم يومئذ لمحجوبون) .

ئەوەش بەڵگەی فەرموودەی صحيح، بەو شێوەیە:

عن جرير بن عبد الله البجلي قال: كنا عند رسول الله صلى الله عليه وسلم ليلة البدر فقال: هل ترون هذا القمر؟ قلنا: نعم، قال: هكذا ترون ربكم يوم القيامة لا تضامون في رؤيته. [1].

واتە: جرير بن عبد الله البجلي دەڵێ: ئێمە لای پێغەمبەری خوا بووین ﷺ لە شەوێکی مانگەشەودا، وتی: ئەو مانگە دەبینن؟، وتمان بەڵێ، وتی: بەدڵنیایی ئاوا پەروەردگاری خۆتان دەبینن لە ڕۆژی دواییدا، وەک چۆن ئەو مانگە دەبینن، تووشی کۆبوونەوە و ئازاردانی یەکتر نابن لەکاتی بینینیدا.

(١) (متفق عليه).

بەڵگەی ئیجماع و کۆدەنگی ئەهلی سوننە بەو شێوەیە:

أبو حاتم الرازي و أبوزرعة الرازي له اعتقاد الرازيين دا نەقڵی

ئیجماع دەکەن لەسەر ئەو باسەو دەڵێن : ئیماندارانلەڕۆژی قیامەت الله دەبینن و سەیری دەکەن .

١٥ : پرسیاریان لە پێشەوا **مالك** کرد، ئایا ئیماندارانلەڕۆژی دوایدا الله دەبینن؟ فەرمووی :

گەر نەیبینن بۆچی بێباوەڕان بێبەش دەکرێن و پەردە دەخرێتە نێوانیان . [1]

---

(١) ئەو قەولەی پێشەوا مالك له ذم الكلام هاتووه بەو شێوه:

أخبرنا محمد بن عمر بن محمد الأنباري، قال: أخبرنا أحمد بن يعقوب القرنجلي، قال: ثنا أحمد بن أصرم بن خزيمة المعقلي، قال: ثنا محمد بن عبد الله بن عبد الحكم، قراءة عن أشهب بن عبد العزيز، صاحب مالك قال: قال رجل لمالك ..

لەڕووی سەنەدەوه : راویەکان هەموویان صەحیحن.

(ثقة)ن متمانەن، تەنها محمد بن عمر بن محمد الأنباري نەبێ کەوا نەمدۆزیەوه ئەوەندەی لێی گەڕام.

بەڵام بەسەنەدی تر هاتووه بەو شێوه :قال أبو العباس المعقلي , وحدثنا أبو موسى الأنصاري بمثله.. ==

١٦ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

الله عزوجل له گەڵ پێغەمبەر موسى عليه الصلاة والسلام قسەی كردووه .[١]

١٧ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

هەروەها تەرازووی كردەوەكان حەقە و ڕاستییە . [٢]

دەڵێم : دانپێنان بە میزانی ڕۆژی قیامەت كە حەقە و ڕاستییە بەشێكە لە بیروباوەڕی پێشەوایانی سەلەف، هیچ یەكێكیانم نەدیوە مەگەر دانی پێداناوە و لەنوسینەكانیاندا باسی كردووە .

= هەروەها لالكائي بەژمارە ٨٧٤ هێناویەتی بەهەمان سەنەد لە محمد بن عمر بن محمد الأنباري ثنا أحمد بن يعقوب القرنجلي، قال: ثنا أحمد بن أصرم المعقلي، قال: ثنا أبو موسى الأنصاري، قال: قيل لمالك .

(١) ئەو قەولەی پێشەوا مالك هاتوە لە :

السنة لعبدالله بەژمارە ٥٣٢ / قال عبدالله حدثني أبي رحمه الله، نا سريج بن النعمان، نا عبد الله بن نافع، قال: كان مالك بن أنس يقول: " الإيمان قول وعمل، ويقول: كلم الله موسى، وقال مالك: الله في السماء وعلمه في كل مكان لا يخلو منه شيء .

لەڕووی سەنەدەوە : صەحیحە (رجالەكان) راوی ئەسەرەكە هەموویان متمانەن و جێگیرن .

(٢) (إبن أبي زمنين له أُصول السنة بەژمارە ٩٣ هێناویەتی بەو شێوە : وأخبرني ابن وهب عن ابن وضاح عن زهير بن عباد أنه قال: كل من أدركت من المشايخ مالك وسفيان وفضيل وعيسى بن يونس، وابن المبارك ووكيع بن الجراح كانوا يقولون: الميزان حق.

١٨ : پێشەوا **مالك** دەفەرموێت:

دەرچوون و تێکۆشان لەگەڵ پێشەوا و سەرکردەی موسڵمانان گەرچی (تاوان) و خەراپەشی هەبێت، هەروەها حەج کردن لەگەڵیان و پێدانی زەکاتەکان پێیان تاوەکو دابەشی بکەن . [1]

❁❁❁

(١) ئەم قەولە هاتوە لە : أصول السنة لإبن أبي زمنين لاپەڕە ٢٩١ بەو شێوە هاتووە :قال عبد الملك: وهذا قول مالك ورأي جميع أصحابه لا يرون الغزو معهم بأسا.

بیرو باوەڕی پێشەوا مالك لە بارەی ئەهلی بیدەعەوە:

١٩ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

هەر کەسێک ترس و تەقوای الله ی لەدڵدا بێت، بێگومان الله دەرگای دەرچوونی بۆ دەکاتەوە لەو داهێنراو و بەلاڕێدابردنانە :

قال مالك : ومن اتقى الله جعل له مخرجا من هذه الأهواء مخرجا . [1]

---

(١) ئەم قەولەی: إبن بطة له ابانة الكبرى هێناویەتی لاپەڕە ١٣٤ بەژمارە ٣١٣ لە ڕێگەی : القافلائی عن محمد بن إسحاق عن أصبغ بن الفرج عن إبن وهب عن مالك..

لەڕووی سەنەدەوە:

(رجالەکان) راوی سەنەد : هەموویان متمانەن (ثقة)ن، دەربارەی أصبغ بن الفرج بن سعيد بن نافع :

زانایان بەو شێوە قسەیان لەسەری کردووە، أبو حاتم الرازي دەڵێ : كان أجل أصحاب ابن وهب، هەروەها دەڵێ : صدوق، ڕاستگۆیە.

أبو علي بن السكن دەڵێ : ثقة ثقة، متمانەیە.

أحمد بن صالح الجيلي دەڵێ : لا بأس به، جارێکی تر دەڵێ : ثقة صاحب سنة.

ابن حجر العسقلاني دەڵێ : ثقة فقيه. ==

دەڵێم:

بێگوومان یەکێک لە هۆکارەکانی دووربوونی موسڵمان و تێنەکەوتنیان و بەلاڕێدانەچوونیان بریتیە لە تەقوای اللە و ترس و عیبادەتکردن بۆی، هەم لە قورئان، هەمیش لە فەرموودە، چەندان بەڵگە لەو بارەوە هاتوون .

٢٠ : پێشەوا **مالك** دەڵێت:

نزیکبوونەوە لە باتڵ(ناحەق) تیاچوونە (کەوتنە نێو گومڕاییە).

لەڕوو سەنەدەوە لاوازە[١]

= پێشەوا یحیی بن معین دەڵێ: شارەزاترین کەسە بە ڕەئی مالك لەهەموو کەسێک زیاتر ، باش باش هەمووی دەناسێ و دەزانێ چ کاتێ مالك گوتوێەتی و، کێش پێچەوانەی مالکی کردوە .

(١) ئەو قەولەی پێشەوا مالك الهروي هێناویەتی:

الهروي ڕاستەوخۆ هێناویەتی بەو شێوە، واتە لە إبن وهب دەڵێت : وسمعت مالكا يقول.... واتە بێ سەنەدە بەڵام ، دەتوانین هەمان سەنەدی پێش ئەو بەکار بهێنین بەو شێوە : أخبرنا يحيى بن عمار بن يحيى أخبرنا محمد بن إبراهيم بن جناح حدثنا إسحاق بن إبراهيم قال سمعت يونس بن عبد الأعلى الصدفي يقول سمعت ابن وهب يقول قال لي مالك(...

يونس بن عبد الأعلى : ثقةيە لە ٢٦٤ وەفاتی کردوە.

إسحاق بن إبراهيم : حاڵی ڕوون نیە واللە أعلم.

محمد بن إبراهيم بن محمد بن جناح : مەجهولە . ==

٢١ : پێشەوا مالك دەڵێت :

ئاگاداری ئەهلی بیدەع بدەن ، ئەهلی بیدەع ئەوانەن کەوا قسە لەسەر (ناو و سیفاتەکانی الله) ئەسماء و سیفات و زانست و توانای الله دەکەن، بێدەنگیش نابن لەو باسانەی کەوا هاوەڵان و تابعین لێی بێدەنگ بوون . [1]

دەڵێم : پێشەوا مالك ئاگادارمان دەکاتەوە لە کەسانی بیدعەچی (مبتدع)، دواتر خۆشی وەسف و پێناسەیان دەکات، واتە ئەوانەن کەوا قسەیان لەشتێک کردووە کەوا پێشووتر هاوەڵان و تابعین لێی بێدەنگ بوون، ئەمانەش بێدەنگ نەبوونە تا بووەتە هۆی گومڕابوونیان، پێشەوا مالک چاک وەسفی ئەهلی بیدەعی کردووە لەوکاتدا کە قسەیان لەسەر ناو و سیفات و هێزو توانا و علمی الله کردبوو ، هاوکات گرووپە گومڕاکان جگە لە(خەواریج) ئەوانی تر هەموویان

= يحيى بن عمار بن يحيى : الذهبي له سير أعلام النبلاء دەڵێ : الإمام المحدث الواعظ ، شيخ سجستان ، بەڵام لەهەندێ سەرچاوە دەڵێن : مجهول الحال ، لە ساڵی ٤٢٢ هـ مردوه .

(١)) ذم الكلام للهروي ٨٧٢ قال الهروي أخبرنا طيب بن أحمد الأبيوردي أخبرنا محمد بن الحسين حدثنا محمد بن محمود الفقيه بمرو حدثنا محمد بن عمير حدثنا أبو زكريا يحيى بن أيوب العلاف التجيبي بمصر حدثنا يونس بن عبد الأعلى حدثنا أشهب بن عبد العزيز قال سمعت مالك بن أنس يقول :(إياكم والبدع قيل يا أبا عبد الله وما البدع قال أهل البدع الذين يتكلمون في أسماء الله وصفاته وكلامه وعلمه وقدرته ولا يسكتون عما سكت عنه الصحابة والتابعون لهم بإحسان . واتە : لێرەدا پرسیاری لێکراوە.

هەروەها کتێبی عقيدة السلف أصحاب الحديث لا٥٤)

لەوبارەوە تێکەوتبوون، هەروەها ئەوکات سەردەمی خیر القرون بوو، پێشەوا مالك خۆی لە گەورە أتباع التابعینە ، بۆیە ئێستا ئەو پێناسە گشتگیرتر بووە و گشتگیرتریش دەبێت، چونکە زۆرتر و زیاتربوون .

٢٢ : پێشەوا **مالك** دەفەرموێ :

هەر کەسێک داهێنراوێک بکات لەدیندا، پاشان بۆچوونی وابێت کەوا چاکەیە ، ئەوە گومانی لە پەیامەکەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەیە، چونکە مانای ئەوەیە کە رسول الله بەجوانی ڕوونی نەکردۆتەوە و،خیانەتی لەگەیاندنی کردووە[١].

٢٣ : پێشەوا **مالك** دەڵێت:

هیچ یەکێک لەو داهێنراو و، بیدعانە بوونیان نەبوو لە سەردەمی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، بەڵکو لە سەردەمی أبو بکر و، عمر و عثمان یش نەبووە.[٢]

---

(١) (الإبانة الكبرى ٢/٥١٠)

(٢) ئەم ئەسەرە هاتووە لە ذم الكلام ح : ٨٦٥

بەو شێوە : الهروي دەڵێ : أخبرنا محمد بن موسى حدثنا الأصم حدثنا الصغاني حدثنا يعقوب الدورقي حدثنا عبد الرحمن بن مهدي سمعت مالك بن أنس يقول (لم يكن شيء من هذه الأهواء على عهد النبي صلى الله عليه وسلم ولا أبي بكر ولا عمر ولا عثمان)

دەڵێم : لەڕووی سەنەدەوە: ==

٢٤ : پێشەوا **مالك** دەڵێت:

ئەگەر بێت و مرۆڤ تاوانی گەورەش ئەنجام بدا، بەڵام هیچ هاوبەشێکی (شرك) بۆ الله بڕیار نەدابێت و ڕزگاری بووبێت لەو داهێنراو و(ئەهوائانە) [كە هەموو شتێکیان زیادەو گومڕاییە]، پاشان دینی لە هاوەڵانی پێغەمبەر رسول الله صلى الله عليه وسلم وەرگرتبێ، ئومێد وایە لەگەڵ ئەوانەبێ كە لە بەرزترین پلەی بەهەشتن

= عبدالرحمن بن مهدي : ئیمام و حوججه و ثقة یه .

يعقوب الدورقي : ثقة و حافظة .

الصَّاغَانِيُّ مُحَمَّدُ بنُ إِسْحَاقَ بنِ جَعْفَرٍ له ١٨٠ هـ لەدایك بوەله ٢٥٦هـ وەفاتی كردوه.

ثقة یه و توثیق كراوه .

الأصم : محمد بن يعقوب بن يوسف بن معقل بن سنان ، أبو العباس الأموي مولاهم له ٣٤٦ هـ وەفاتی كردوه، ئەویش ثقەیه.

محمد بن موسى : محمد بن موسى بن الفضل بن شاذان ، أبو سعيد.

له ٤٢١هـ وەفاتی كردوه / أبو الفرج بن الجوزي دەڵێ : صدوق ، الذهبي دەڵێ : ثقة ،

عبد الحي بن العماد الحنبلي دەڵێ : ثقة .

واتە : زیادبوون، زۆربوون، دەرچوون و دەركەوتنی بیدعە و ئەهلی بیدەع دوای ئەوانە دەرچوون و ڕوویانداوە ، چونكە سەردەمی ئەوان چاكترین سەردەم بووە كەوا بیدعە تێیدا ڕووی نەداوە، هەڵبەتە كەمتر خەڵك گومڕابوون و بەلاڕێداچوون، چونكە هەم تەقوا و هەمیش زیاتر و زۆرتر لەزانست و زانیاری شەرعی ڕۆچووبوون .

(الفردوس) لەگەڵ پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان ، ئەمەش لەبەرئەوەی کەوا هەموو تاوانێکی گەورە کە لە نێوان بەندە و اللە دایە ئەوا ئومێدی لێخۆشبوونی هەیە ، بەڵام هەموو بیدعەو گومڕاییەك ئومێدی لێخۆشبوونی نییە، بەڵکو خاوەنەکەی دەخاتە نێو ئاگرەوە ، هەرکەسێک لەسەر سوونەت مرد مژدەی لێبێ.

ئەمەیان لەڕووی سەنەدەوە لاوازە: [1]

---

(١) ئەو قەولەی پێشەوا مالك لە ذم الكلام بەو شێوەیە هاتووە:

أخبرنا محمد بن أحمد الجارودي أخبرنا إبراهيم بن محمد بن‌سهل القراب حدثنا محمد بن إبراهيم بن نافع حدثنا محمد بن محمد بن عمر حدثنا محمد بن إسحاق الصيني حدثنا عبد الله بن نافع قال سمعت مالك بن أنس يقول..

ذم الكلام وأهله للهروي : ج٥ لاپەڕە ٧٦ ژمارە ٨٨٦ .

لەڕووی سەنەدەوە :

محمد بن أحمد بن محمد بن الجارود ناوی دەرکردوە بە : محمد بن أحمد الجارودي , کونیەی: أبو الفضل ـە.

[ثقة] و متهانەیە، لە ساڵی ٤١٣ وەفاتی کردوە.

محمد بن إبراهيم بن نافع دەڵێ : (مجهول)حاڵی ڕوون نیە.

محمد بن محمد بن عمر دەڵێ: ئەوەی گەڕام بۆی نەمدۆزیەوە لەو سەرچاوانەی لەژێر دەستم دابوو .(مجهول)

محمد بن إسحاق الصيني دەڵێ : قال ابن أبي حاتم الرازي سألت أبا عون ابن عمرو بن عون عنه فتكلم فيه وقال هو كذاب فتركت حديثه (الجرح والتعديل ج٧ لاپەڕ ١٩٦). ==

٢٥ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

گەر بێت و بەندە هەرچی تاوانی گەورەیە ئەنجامی بدات ، بەڵام هیچ شتێک لەو داهێنراو و بیدعانەی لەگەڵدا نەبێت ، ئومێدم وایە بۆی ئەگەر بمرێ لەسەر سوننەت موژدەی لێبێتن .

ئەمەش لەڕووی سەنەدەوە لاوازە: [١]

= عبدالله بن نافع دەڵێ : نەسەبی باپیری دیار نییە، چونکە دوو عبدالله بن نافع هەن هەردووکیشیان گوێیان لە مالك بووە، (عبدالله بن نافع الصائغ المديني) و (عبدالله بن نافع الزبيري.)

واتە ئەو سەنەدە زۆر ضعيفة و گومان هەیە (موضوع) هەڵبەستراو بێت .

(١) ئەو قەولەی پێشەوا مالك هاتووە لە ذم الكلام بەژمارە ٨٦٧ بەو شێوە : أخبرنا منصور بن العباس أخبرنا الحسن بن حبيب حدثنا أبو عبد الله محمد بن عبد الله الميداني الخطيب بزوزن حدثنا أبو قريش‌حدثنا يحيى بن سليمان بن نضلة قال سمعت مالك بن أنس يقول ...

أبو عبد الله محمد بن عبد الله الميداني الخطيب دەڵێ : (مجهول) حاڵی ڕوون نیە.

أبو قريش (محمد بن جمعة بن خلف القهستاني الأصم) لە ٢٢٠ لەدایك بووە (ثقة) بەمتمانە دانراوە ، هەریەك لە : الحاكم و خطيب البغدادي و الذهبي وادەڵێن.

يحيى بن سليمان بن نضلة دەڵێ : گوێی لە مالك بووە ، إبن خراش دەڵێ : هیچ شتێك ناهێنێ، بەڵام إبن عدي دەڵێ : کۆمەڵێك ریوایەتی لە مالك کردووە هەموویان جێگیرن .

٢٦ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

گەر بەندە بگەڕێتەوە بۆ لای الله عزوجل بە ئەندازەی پڕی زەوی تاوانی هەبێت ، بەڵام لەسەر سوننەت بگەڕێتەوە لای الله ، ئەوا لەگەڵ پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکاندایە .

ئەمەش لەڕووی سەنەدەوە لاوازە : [1]

---

(١) ئەو قەولەی پێشەوا مالك هاتووە لە ذم الكلام للهروي بەژمارە ٨٦٨ بەو شێوەیە:
أخبرنا أبو يعقوب أخبرنا الحسن بن محمد بن الحسن،
ح وأخبرنا محمد بن محمد بن محمود أخبرنا محمد بن العباس العصمي إجازة قالا أخبرنا أبو حسان عيسى بن عبد الله حدثنا إبراهيم بن الحسين حدثنا يعقوب بن حميد بن كاسب قال قال مالك بن أنس (لو لقي الله رجل بملء الأرض ذنوبا ثم لقي الله بالسنة لكان في الجنة مع النبيين والصديقين والشهداء والصالحين وحسن أولئك رفيقا)
أبو حسان عيسى بن عبدالله: حمزة السلمي دەڵێ :پرسیارم لە أبا زرعة محمد بن يوسف الجرجاني كرد لەسەری ؟ گوتی : هیچ شتێک نییە . (سؤلات حمزة للدارقطني ج١ لاپەڕە ٢٤٣ ژمارە ٣٤٥)
يعقوب بن حميد بن كاسب (تـ ٢٤١ هـ) دەڵێ : گوێی لە مالك نەبووە ، هەریەك لە : أبوحاتم و النسائي و العقيلي بە لاوازایان داناوە، جا بەشێکی تر دەڵێن : صدوق يهم.
کەواتە : سەنەدەکەی پچڕاوی تێدایە و لاوازیشە زۆر . والله أعلم .

٢٧ : پێشەوا **مالك** دەفەرموێ :

بەهیچ جۆرێک زانستی شەرعی لە کەسێکی مبتدع وەرناگیرێت کەوا بانگەواز بۆ کارەکەی بکات . [١]

٢٨ : دواتر پێشەوا **مالك** دەفەرموێ :

ئەو زانستە دینە ، بۆیە بزانن لەکێ دینەکەتان وەردەگرن ، من بەحەفتا (کەس) گەیشتووم _ ئیشارەی بۆ مزگەوتی پێغەمبەر کرد_ هەموویان دەیانگوت : قال فلان قال رسول الله ، بەڵام لەهیچیانم وەرنەگرت ، جا ئەگەر هەر یەکێکیان بکرابایە پارێزەر لەسەر مالّی موسڵمانان (بیت المال) ئەوا شایستە و ئەمین بوون بۆ ئەو کارە، بەڵام ئەهلی ئەوە نەبوون کەوا زانستیان لێ وەربگیرێت . [٢]

---

(١) ئەم قەولەی ئیمام لە :مناقب مالك لزواوي ١٤٦ هاتووە، بەڵام کتێبی سەنەد نییە، بەڵکو نەقڵە، هەروەها سیر أعلام النبلاء للذهبي ٦٧/٨ بەو شێوە هێناویەتی:
إِبْرَاهِيْمُ بنُ الْمُنْذِر: حَدَّثَنَا مَعْنٌ، وَغَيْرُهُ، عَنْ مَالِك، قَالَ: لاَ يُؤْخَذُ العِلْمُ عَنْ أَرْبَعَة: سَفِيْه يُعلِنُ السَّفَهَ، وَإِنْ كَانَ أَرْوَى النَّاسِ، وَصَاحِبِ بِدْعَة يَدعُو إِلَى هَوَاهُ، وَمَنْ يَكْذِبُ فِي حَدِيْثِ النَّاسِ، وَإِنْ كُنْتُ لاَ أَتَّهِمُهُ فِيالحَدِيْثِ، وَصَالِحٍ عَابِدٍ فَاضِلٍ، إِذَا كَانَ لاَ يَحْفَظُ مَا يُحَدِّثُ بِهِ.)

(٢) ئەم قەولە هاتووە لە : ذم الكلام ج٥لاپەرە ٨٢ ژمارە ٨٧٣ بەو شێوە هێناویەتی: أخبرنا القاسم بن سعيد أخبرنا علي بن حيان الأسدي بالكوفة حدثنا حامد بن عبد الله الحلواني حدثنا محمد بن إسماعيل الترمذي حدثنا إسماعيل بن أبي أويس قال سمعت خالي مالك ابن أنس يقول (إن هذا العلم دين فانظروا عمن تأخذون دينكم فقد أدركت سبعين وأشارت ==

شیکردنەوە:

پێشەوا مالك لەسەرەتا گوتی: نابێت دین لەکەسانی مبتدع وەربگرن ، دواتر خۆی دەڵێ من گەیشتووم بەکەسانی ئەمین و دەستپاک لەنێو مزگەوتی پێغەمبەر کەچی زانستی شەرعیم لێیان وەرنەگرتوە ، واتە: پێیان دەڵێ گەر من لەوانەم وەرنەگرتبێ، تۆ چۆن دەتوانی لەکەسانی گومڕا ومبتدع وەربگریت .

بێگومان(علم)زانست واتە (دین)، تابعی بەڕێز (محمد بن سیرین) دەفەرموێت: ئەم زانستە دینە، بۆیە سەیربکەن و بزانن کەوا لە کوێی وەردەگرن ، یان چۆن وەری دەگرن .

ئەم وتەیە بەناوبانگە لەم سەرچاوانە هاتوون: [ابن ابي حاتم له الجرح والتعديل، مقدمة معرفة كتاب الجرح والتعديل ، هەروەها مسلم له مقدمة الصحيح و، ابن عدي له الكامل و، ابن حبان له المجروحين .]

= بيده إلى مسجد رسول الله صلى الله عليه وسلم كلهم يقول قال فلان قال رسول الله صلى الله عليه وسلم فلم آخذ عنهم شيئا ولو أن أحدهم أؤتمن على بيت مال لكان به أمينا .

ئەو ئەسەرە جگە لە پێشەوا مالك لەچەند پێشەوایەکی تری سەلەف هاتووە لەوانە : تابعی بەڕێز محمد بن سیرین و براکەی أنس بن سیرین ،هەروەها سەنەدەکانیشیان صەحیحن لەزۆرینەی کتێبەکاندا هاتووە، والله أعلم .

بۆیە پێویستە بزانین چۆن و بەچ ڕێگایەك ئیمە دین و علم وەربگرین ،کە پێکدێ لە قورئان و فەرموودە و ئەسەری سەلەف .

ئەو کاتەی کەوا (علم الرجال)سەری هەڵدا وەك بەشێک لەزانایان دەڵێن: یەکەم کەس تابعی بەڕێز(الشعبي) بوو کەوا قسەی لەسەر (رجالی حدیث)کرد. واتە لەنێو یەکێک لەباشترین سەدەکانی ئیسلام کە(تابعین)ن، کە دوای سەردەمی هاوەڵان بوونە، ئەی چی سەبارەت بە سەردەمی(شرار الناس و دەجاجلە، کەوا (تەحریف و تەئویلی باطل) بۆ دەقەکانی دین دەکەن لە قورئان و فەرموودە، ئەوکات چەند گروپ و تاقمێکی مبتدع و گومڕا سەریان هەڵدابوو، بەهەموو ئیمامەکانی ئەوکات شەو و ڕۆژ وەڵامیان دەدانەوە ، ئەگەر ئەوکات چەند گروپێکی سەخت وەك : (خەوارج وجهمي و مرجئي و معتزلي و القدرية . الخ..] هەبوون، ئینجا بەم شێوە ورد و تێڕامانە تەحقیقیان لە سەرچاوەی هەڵقوڵانی زانستەکە و کەسەکان دەکرد، ئەی چی دەربارەی ئێستا؟ کەوا هەریەک لەو گرووپانە ڕۆڵە و نەوەکانیان لێ پەیدابووە و ڕێچکەی ئەوانیان گرتووتەوە ، کێ دەمکوتیان بکات؟.

(هاوەڵانی) بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ کاتێک پێغەمبەریش لەژیاندا بوو، ئەگەر لە پەنهانیی ئەودا شتێکیان لە هاوەڵێک بدیبا یاخود ببیستبا، قبوڵیان نەدەکرد یەکسەر بڵێن تەواو ئەمە فەرموودەیە، بەڵکو تێڕادەمان و ورد دەبوونەوە لێی. !

ئیمامی مُجَاهِد دەڵێت : (بُشَيْرٌ الْعَدَوِيُّ) هات بۆلای (ابْنِ عَبَّاسٍ،) و دەیگوت: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ابْنُ عَبَّاس یش گوێی بۆ فەرموودەکانی نەدەگرت ، تەنانەت سەیریشی نەدەکرد.

ئەویش پێیگوت : ئەی ابن عباس چیە دەبینم گوێ بۆ فەرموودەکانم ڕاناگریت ؟ من لە رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وە بۆت باسدەکەم کەچی گوێش ناگریت.

ابْنُ عَبَّاسٍ گوتی : ئێمە پێشووتر گەر گوێیان لە یەکێک بووایە بیگوتبا : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەوا چاوەکانمان تێدەبڕی و گوێیەکانیشمان بۆی ڕادەگرت ، بەڵام کاتێ خەڵك چووە سەر زەلیلی وەرماننەگرت لێیان، تەنها لەوەی کە دەمانناسی .

ئەوە بۆ ئەو کاتی بەو شێوە بوون ، کەوا سەردەمی صەحابە بوو زۆر نزیکبوون لە پێغەمبەرەوە ، جگە لەوەش کەمترین گرووپی گومڕا هەبوون ئەوکات .

جگە لەوەش، بەڵکو هەتا کەسێکیان نەناسیبا کەوا جێگای متمانەبوبێ ئەوا نەک تەنها دینیان لێ وەرنەگرتوە، بگرە هەر سەیریشیان نەکردووە و گوێشیان لێی نەگرتووە، بۆ نموونەش ابن عباس.

بۆیە (ابن سیرین) کە هاوشانی پێشەوا حسن البصري بووە، دەڵێت : ئێمە لەسەرەتا لە سەنەدمان نەکۆڵیەوە ، بەڵام کاتێک فتنە سەری هەڵدا گوتمان ناوی پیاوەکانتان بێنن ، ئەوەی ئەهلی سوننە بوو وەرمانگرت، ئەوی تر نەخێر .

بۆیە ئیمامی موسلیم لە کتێبی (صحیح مسلم – لە پێشەکیدا -) باسێکی داناوە بەو ناونیشانە:

ڕوونکردنەوەی سەنەد لەدینەوەیە، ڕیوایەتیش ناکرێ تەنها لە کەسانی متمانە نەبن ، تانەدان(جرح) ی ڕاویەکان بەوەی هەیانە دروستە، بەڵکو واجبیشە ، لەهەمان کاتدا غەیبەتیشیان حەڕامکراو نییە، بەڵکو بەرگرییە لە شەریعەتی پیرۆز.

بیروباوەڕی پێشەوا مالك لەبارەی ئیمانەوە :

٢٩ : ئیمام **مالك** دەیگووت :

ئیمان وتە و کردەوەیە، زیاد و کەمیش دەکات. [١]

٣٠ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

ئیمان وتە و کرداره (کردەوەیە) [٢]

٣١ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

ئیمان زانین و دووپاتکردنەوە و کردەوەیە . [٣]

---

(١) سەنەدی صەحیحە عبدالله هێناویەتی لە :السنة لعبدالله ژمارە ٦٣٦ .

(٢) عبدالله هێناویەتی لە السنة لعبدالله ژمارە ٦٣٨بەو شێوە : حدثني أبي قال: بلغني أن مالك بن أنس، وابن جريج وشريكا وفضيل بن عياض قالوا: «الإيمان قول وعمل »
گەرچی دەڵێ : پێمان گەیشتووە، واتە پێران هەیە، بەڵام لەنێوان مالك و ئەودا یەك کەس هەیە، ئەو ئەسەرەش چەندان پاڵپشتی تری هەیە).

(٣) ئەم قەولەی عبدالله لە السنة بە ژمارە ٦١٢ هێناویەتی بەو شێوە:
حدثني أبي، نا أبو سلمة الخزاعي، قال: قال مالك وشريك وأبو بكر بن عياش وعبد العزيز بن أبي سلمة وحماد بن سلمة وحماد بن زيد: «الإيمان المعرفة والإقرار والعمل إلا أن حماد بن زيد كان يفرق بين الإيمان والإسلام ويجعل الإسلام عاما والإيمان خاصا. ==

دەڵێم : بابەتی ئیمان یەکێکە لەو باس و بابەتانەی کەوا کۆدەنگی پێشەوایانی سەلەفی لەسەرە و، زۆرترین ئەسەری سەلەفی لەو بارەوە لەسەر هاتووە، زۆرترین کتێب و نامیلکەی تایبەتیشیان لەو بارەوە نوسیوە : واتە پێشەوا مالك بەڕەحمەت بێت وەك چۆن لەباس و بابەتەکانی تر ڕێچکەی سەلەفی و کۆدەنگی ئەوانی گرتبوو بەهەمان شێوە لەو لایەنەوەش .

٣٢ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

ولا يقول أحد: أنا مؤمن، ولكن يقول: أنا مؤمن إن شاء الله.

واتە: نابێ هیچ کەسێک بڵێت: من ئیماندارم، بەڵکو دەبێ بڵێت: من ئیماندارم إن شاء الله .[1]

= سەنەدی صحيحه ، أبو سلمة الخزاعي ناوی : منصور بن سلمة بن عبد العزيز بن صالح بووە، لەساڵی ٢٠٩ ه وەفاتی کردووە، کەسێکی متمانە و پێشەوا و حافظ بووە، مامۆستای ئیمام احمد بووە .

(١) ئەم قەولە هاتووە له السنة لعبدالله بن احمد بەژمارە ٧٢٠ .بەو شێوە هێناویەتی : قرأت على أبي رحمه الله، نا مهدي بن جعفر الرملي، نا الوليد يعني ابن مسلم، قال: سمعت أبا عمرو يعني الأوزاعي، ومالك بن أنس، وسعيد بن عبد العزيز، ينكرون أن يقول: «أنا مؤمن، ويأذنون، في الاستثناء أن أقول، أنا مؤمن، إن شاء الله .

دەڵێم : رجالەکان هەمووی(ثقة) و ئیمامن، تەنیا مهدي بن جعفر بن جيهان بن بهرام الرملي توفي : ٢٢٧ نەبێت کەوا (فيه مقال) ==

شیکردنەوە:

ئەو بابەتە یەکێکە لەو بابەتانەی کەوا سەلەفی ئوممەت گرنگیان پێداوە و لە نامیلکەو کتێبە عەقیدەییەکانیان باسیان کردووە.

واتە : نابێت هیچ موسڵمانێک بڵێت من (ئیماندارم)، بەڵکو دەبێ بڵێت: من (موسڵمانم و ئومێدم وایە ئیماندار بم) ، چونکە ئیمان تەزکیەی ناخە ، لەوبارەوە ئەسەری سەلەف زۆر هاتوون، بەو شێوەیە :

عبدالله دەڵێت :حدثني أبي، نا وكيع، قال: قال سفيان الثوري: «الناس عندنا مؤمنون في الأحكام والمواريث ونرجو أن يكونوا كذلك ولا ندري ما حالنا عند الله عز وجل .

= إبن معين دەڵێ : لابأس به .

ابن عَديّ له الكامل دەڵێ : يروي عن الثِّقات ما لا يُتابَع عليه.

إبن أبي حاتم باسی کردووە بەڵام ، نە جەرحی کردووە، نە تەعدیل: (الجرح والتعديل ١٥٥٧)

البخاري دەڵێت : حديثه منكر.

ابن حبان له الثقات هێناویەتی و دەڵێت : ربما أخطأ .)

سفيان الثوري دەڵێت : خەڵکی لای ئێمە موسڵمانن لە ئەحکام و میرات و ...هتد،جا ئومێدمان وایە کەوا بەو شێوە بن، ناشزانین حاڵیان چۆنە لای خوای تعالی. [1]

جا دەڵێت :حدثني أبي، نا إبراهيم بن شماس، قال: سمعت جرير بن عبد الحميد، يقول: " الإيمان قول وعمل يزيد وينقص قيل له: كيف تقول أنت؟ قال: أقول مؤمن إن شاء الله .

جرير بن عبدالحميد دەیگوت : ئیمان وتە و کردارە، زیاد و کەم دەکات ، پێی گوترا : ئەی تۆ چی دەڵێی ؟ گوتی : دەڵێم ئیماندارم إن شاء الله . [2]

ئەسەرێکی تری هێناوە : وقال الخليل النحوي: «إذا أنا قلت مؤمن، فأي شيء بقي؟»

واتە : الخليل النحوي دەڵێت : گەر من بڵێم ئیماندارم ، ئەی چ شتێک دەمێنێتەوە. [3]

---

(١) (السنة لعبدالله بن أحمد ٦٠٩)

(٢) (السنة لعبدالله بن احمد ٦٢٦)

(٣) (السنة ٦٣٣)

واتە : نابێت بەهیچ جۆرێ بە موتڵەق و ڕەهایی وابڵێی، چونکە تەزکیەی تەواوی خۆت کردووە .

حدثني أبي، نا عبد الرحمن، نا حماد بن زيد، عن يحيى بن عتيق، وحبيب بن الشهيد، عن محمد بن سيرين، قال: " إذا قيل لك أمؤمن أنت؟ فقل: {آمنا بالله وما أنزل إلينا وما أنزل إلى إبراهيم وإسماعيل وإسحاق} [1]

محمد بن سيرين کە پێشەوایەکی تابعیە دەڵێ : گەر پێت گوترا ئایا تۆ ئیماندارى؟

بڵێ : آمنا بالله وما أنزل إلينا وما أنزل إلى إبراهيم وإسماعيل وإسحاق}

هەروەها لە پێشەوا طاووس بن كيسان و إبراهيم النخعي یش هێناویەتی بەهەمان شێوەی پێشەوا محمد بن سيرين .

گەر پێیان گوتی: ئایا ئیماندارى؟ بڵێ ئومێدم وایە.

یەکێکی تر :حدثني أبي، نا عبد الرحمن، حدثني سفيان، عن الحسن بن عبيد الله، عن إبراهيم، قال: " إذا قيل لك أمؤمن أنت؟ فقل: أرجو"

إبراهيم النخعي دەڵێت : گەر پێیان گوتی ئایا ئیماندارى ؟ بڵێ ئومێدم وایە [2]

---

(١) (السنة ٦٤٨)

(٢) (السنة ٦٥٢)

بۆیە پرسیارکردن لەو بارەوە بیدعەیە :

حدثني أبي، نا عبد الرحمن، نا حسن بن عياش، عن مغيرة، عن إبراهيم، قال: «سؤال الرجل لرجل أمؤمن أنت؟ بدعة» .

پێشەوا **ئیبراهیمی النخعي** دەڵێت : یەکێک پرسیار لە یەکێکی تر بکات و بڵێ ئایا تۆ ئیماندارى ؟ (بیدعەیە)داهێنراوە. [1]

واتە : گەر بێت و لەو بارەوە بپرسیت دەچیتە چوار چێوەی کەسانی مبتدع .

کە دەڵێی: من ئیماندارم وەك ئەوەیە بڵێی من بەهەشتیم :

حدثني أبي، نا يحيى، نا شعبة، حدثني سلمة بن كهيل، عن إبراهيم، عن علقمة: قال رجل عند عبد الله: إني مؤمن قال: «قل إني في الجنة ولكنا نؤمن بالله وملائكته وكتبه ورسله»[2]

پیاوێک لای عبدالله بن مسعود رضي الله عنه گوتی : من ئیماندارم ، عبدالله پێیگوت : بڵێ من له بەهەشتم .

---

(١) (السنة لعبد الله ٦٥٣)

(٢) (السنة ٦٥٥)

واتە بە تەنزەوە پێیگوت : مادام دەڵێی ئیماندارم باشتر وایە بڵێی من لە بەهەشتم..

حدثني أبي، نا وكيع، نا الأعمش، عن أبي وائل، قال: " جاء رجل إلى عبد الله، فقال: يا أبا عبد الرحمن، لقيت ركبا فقلت: من أنتم؟ فقالوا: نحن المؤمنون، قال عبد الله: أفلا قالوا نحن أهل الجنة"[1]

هەروەها تابعی بەڕێز **أبو وائل** (شقيق بن سلمة) دەڵێ : پیاوێک هات بۆلای عبدالله بن مسعود ، گوتی : ئەی باوکی عبدالرحمن ، من گەیشتم بەکاروانێک پێم گوتن :ئێوە کێن ؟

گوتیان : ئێمە ئیماندارانین .

عبدالله گوتی : با بیانگوتبا ئێمە خەڵکی بەهەشتین . (وەک کەمکردنەوەک بۆ وەڵامەکەیان).

ئەوانەی کەوا جیاکاریان(استثناء) لەئیماندا کردووە لە سەلەف، کە لێوەیان هاتووە لە هاوەڵە بەڕێزەکان:

علي بن أبي طالب و ابن مسعود و عائشة استثنوا في الإيمان .

---

(١) (السنة ٦٥٦)

تابعی بەڕێز : ابن أبي مليكة دەڵێ : أدركت كذا وكذا من أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم ما مات رجل منهم إلا وهو يخشى النفاق على نفسه.

گەیشتووم بە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ (لەریوایەتێک دەڵێ سی هاوەڵی پێغەمبەر) هیچ یەکێکیان نەبووە مەگەر لە ئیمانی خۆی نەترسابێ لە نیفاق و دووڕوویی.

هەروەها لە التابعین:

طاوس بن كيسان، الحسن البصري ، محمد بن سيرين ، إبراهيم النخعي ،أبو البختري سعيد بن فيروز ، الضحاك ، الأعمش سليمان بن مهران ، منصور بن المعتمر ، إسماعيل بن أبي خالد ، عطاء بن السائب ، حمزة الزيات ، عمارة بن القعقاع ، مغيرة بن مقسم ، يزيد بن أبي زياد ، ليث بن أبي سليم ، محل بن خليفة .

هەروەها ابن شبرمة ، معمر بن راشد ، سفيان الثوري ، ابن عيينة ، جرير بن عبدالحميد ، ابن المبارك ، يحيى بن سعيد القطان ئەوانە هەموویان گوتویانە: بەهیچ یەک لەهاوەڵانمان نەگەیشتووین و پێشمان نەگیشتووە مەگەر بە (استثناء) جیاکاری کردن نەبێ لە ئیمان دا.

واتە: هەموویان نەیان گوتوە ئیماندارین بە ڕەهایی .

کەواتە : بۆمان دەرکەوت کەوا پێشەوایانی سەلەف گوتویانە موسڵمانین و ئومێدمان وایە، یان تکامان وایە کەوا ئیماندار بین،

پرسیارکردنیش لەوبارەوە بیدعەیە ، بۆیە هەموو ناو و نازناوێک کەوا تەزکیەی نەفس و کەسی پێوەبێت وەک ئەو ناوانەی ڕۆژگاری ئەمڕۆ، هیچیان جائیز نین.

٣٣ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

ولا يقول: إنه مستكمل الإيمان، وأن إيمانه كإيمان جبريل وميكائيل والملائكة المقربين، فإنه قول المرجئة.

واتە: [نابێت هیچ کەسێک بانگەشەی ئەوە بکات و بڵێت: ئیمانەکەم کاملە، ئیمانەکەم وەکو ئیمانی جبریل و میکائیل و فریشتە نزیکەکانە، چونکە ئەمە وتەی مورجیئەکانە . [١]

شیکردنەوە : سەلەف زۆر بەتووندی ڕێگریان لەوانە کردووە کە دەڵێن : ئێمە ئیمانمان تەواوە و بێ کێشەیە، هەمان ئیمانی جبریل و میکائیلمان هەیە.

---

(١) السنة لعبدالله ٦٦٥ بەهەمان سەنەدی پێشووتر کەوا تحقیقمان کرد :بەڵام بە مەتنی جیاواز هێناویەتی بەو شێوە : حدثني أبي وقرأته عليه، نا مهدي بن جعفر، نا الوليد بن مسلم، قال سمعت أبا عمرو يعني الأوزاعي، ومالكا، وسعيد بن عبد العزيز، يقولون: «ليس للإيمان منتهى هو في زيادة أبدا وينكرون على من يقول أنه مستكمل الإيمان وأن إيمانه كإيمان جبريل عليه السلام .

لەوبارە ئەسەری زۆرمان هەیە لەو جۆرە کەوا هەریەك لە : الأوزاعي الشامي و مالك بن أنس و سعید بن عبدالعزیز نکۆڵیان کردەوە لەوەی فلان کەس ئیمانی تەواو بیت هاوشێوەی ئیمانی جبریل.

حرب الكرماني: لە الولید بن مسلم ەوە هێناویەتی دەڵێ: بە اللیث بن سعد و مالك بن أنس م گوت : کەسێک بڵێ من ئیماندارم وەك جبریل ومیکائیل ؟ گوتیان : ئەوەی ئاوا بڵێ ئیمانی لە (إبلیس) نزیکترە ئەو کات نەك لە جبریل.[1]

حرب دەڵێ : هەرکەسێک گومان ببات کەوا ئیمانی هاوشێوەی جبریل و میکائیلە ئەوا مورجیئەیە، بەڵکو زۆر پیسترە لە مورجیئە، هەروەها درۆزنیشە، هەرکەسێکیش وا گومان ببات کەوا ئیماندارە لای اللە و ئیمانی تەواوە، ئەوا لەخەراپترین قسە و گوفتاری مورجیئەیە. [2]

هەریەك لە **أبوحاتم الرازي** و **ابوزرعة الرازي** دەڵێن :

هەریەك بڵێت : ئەوە ئیماندارە بەحەق ئەوا موبتەدیعە، هەرکەسێک بڵێ: ئەوە ئیماندارە لای اللە، ئەوە لەدرۆزنەکانە، هەرکەسێکیش بڵێت: من ئیمانم بە اللە هێناوە، ئەوا پێکاویەتی. [3]

---

(١) السنة لحرب الكرماني ١٦٤ .

(٢) السنة لحرب الكرماني ١١ .

(٣) اعتقاد الرازيين .

کتێبەکانی سەلەف پڕن لەئەسەری لەو شێوە، بۆ زیاتر ئاشنابوون پێی دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ بابی ئیمان لەو کتێبانە .

٣٤ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

ولا نشهد لأحد لصلاحه أنه في الجنة.

واتە: شاهێدی نادەین بەچوونە بەهەشتی هیچ کەسێک بەهۆی کردەوە چاکەکانی .[١]

---

(١) دەڵێم : لەڕووی تەخریجەوە ، إبن أبي زمنين بەو شێوە نەیهێناوە لە پێشەوا مالك، بەڵکو بەو شێوە هێناویەتی: ابن وضاح قال: أخبرني زهير بن عباد قال: كل من أدركت من المشايخ مالك بن أنس وسفيان بن عيينة وعيسى بن يونس، وفضيل بن عياض وعبد الله بن المبارك ووكيع بن الجراح وغيرهم لا يكفرون أحدا بذنب، ولا يشهدون لأحد أنه في الجنة .
ابن وضاح ناوی محمد بن وضاح بە، ثقة یە و خاوەنی کتێبی (البدع لإبن وضاح) ە.
هەروەها (زهير بن عباد الرؤاسي) [فيه مقال] واتە قسەی لەسەر کراوە لەلایەن زانایان.
أبوحاتم الرازي دەڵێت : ثقة ، له الجرح والتعديل بەو شێوەیە هاتووە : زهير بن عباد الرؤاسي ابن عم وكيع بن الجراح روى عن عبد العزيز الدراوردي وعتاب بن بشير ويزيد بن عطاء اليشكري وفضيل بن عياض وابن عيينة وابن وهب كتب عنه أبى بدمشق وبمصر - في الرحلة الأولى وروى عنه.
حدثنا عبد الرحمن قال سئل أبي عنه فقال: اصله كوفي، ثقة. (الجرح والتعديل ٢٦٧٩)
صالح بن الجزرة دەڵێ : صدوق . ==

شیکردنەوە:

ئەو باسە یەکێکە لەباسە هەستیارەکان کەوا پێویستە موسڵمان لێی وریابێت، نابێت بەهیچ جۆرێک شاهیدی بدەی بەوەی فلان لەبەهەشتە بەهۆی چاکەکانی، ئینجا زانایە یان تێکۆشەرە یان چاکەخوازە یان فێرخوازە ، هەرشتێک بێ .

پێشەوای بڕواداران لە فەرموودە بوخاری لە صەحیحەکەیدا، لە کتاب الجهاد والسیر بابێکی زۆر وردو گرنگی داناوە بەناوی : بَابٌ : لَا يَقُولُ : فُلَانٌ شَهِيدٌ. قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : " اللَّهُ أَعْلَمُ بِمَنْ يُجَاهِدُ فِي سَبِيلِهِ، وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَنْ يُكْلَمُ فِي سَبِيلِهِ."

واتە : نابێ بڵێین فلان شەهیدە، چونکە اللە عزوجل دەزانێتێ کێ لەپێناوی تێدەکۆشێت و کێش خوێنی خۆی لەپێناو دەڕژێنێت .

= إبن حجر لە(لسان الميزان ٣٢٤٦)، هێناویەتی کەوا الدارقطني و إبن حباج دەڵێن : مجهول.

بەڵام نکۆڵی لێدەکات بەڵکو دەڵێت : کەسێکی ثقة یە و ریوایەتی لەمالکەوە کردووە، أبوحاتم الرازي و کەسانی تریش بە ثقة یان داناوە .

إبن مسعود دەڵێت : ئێمە هیچ شتێکمان لەبارەی کەسەوە نەدەگوت، هەتا ئەوکاتەی سەیرمان دەکرد بزانین لەسەر چ حاڵێکەوە دەمرێت ، گەر لەسەر خێر بمردبایە ئەوا تکای خێرمان بۆی دەکرد. (١)

کەواتە : بەهیچ شێوەیەك نە لە دونیا، نە لە قیامەت بەکەسێک بڵێین: کەسێکی چاکە و بەهەشتییە.

چونکە لەدونیادا فەرموودەمان هەیە دەفەرموێت : کەسانێک هەن کەوا کردەوەیان کردەوەی خەڵکی بەهەشتە، بەڵام ئەوان لەئاگردان، کەسانێکیش کردەوەیان کردەوەی خەڵکی ناو ئاگرە، بەڵام لە بەهەشتدان، هەروەها ئەو سێ کەسەی کەوا لەدونیادا شاهێدی پاکی و چاکیان بۆ دراوە لە قیامەت بەدرۆ دەخرێنەوە، ئەوانیش :

زانایەك: کەوا بۆ (ڕیا) کاری کردووە.

قورئانخوێنێک: کەوا بۆ ڕیا و شوهرەت خوێندوویەتی.

شەهیدێک : کەوا بۆ ریا و شوهرەت جەنگاوە و شەهید بووە.

---

(١) (السنة لإبن أبي زمنين ١٤٦)

ئەوەی لەسەر تۆی موسڵمانە کاتێک کەسێکی موسڵمان دەبینی یان دەمرێت، لە دونیا تۆ دوعای خێری بۆ بکەی و ئومێدی چاکە و بەهەشتی بۆ بخوازیت، نەك بڵێی: بەهەشتییە .

٣٥ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

(ولا نكفر أهل التوحيد بذنب)

واتە: ئەهلی تەوحید تەکفیر ناکەین بەهۆی ئەنجامدانی گوناهەوە. [١]

شیکردنەوە:

ئەو باسەش یەکێکە لەباسە هەستیارەکان، وەک چۆن ئەهلی ئیرجائی شڵەژومان هەیە، لەبەرامبەریدا خەوارج مان هەیە کەوا بەتاوان خەڵکیان تەکفیر

(١) البيان والتحصيل ج ١٨ لاپەڕە ٥٨٦ : دەڵێم : لەڕووی سەنەدەوە ڕاستەوخۆ بەو شێوە نەهاتووە لە پێشەوا مالك، بەڵکو لە البيان والتحصيل ج ١٨ لاپەڕە ٥٨٦ کە هاتووە دەڵێت : پێمگوت: (واتە ڕاوی ئەو ئەسەرە) مالك ئەهلی تەوحیدی تەکفیر نەدەکرد بە تاوان و بە موشرکیشی دانەدەنان وایە؟ گوتی : بەڵێ مالک کەسی بە تاوان تەکفیر نەدەکرد، واتە: مالک واینەکردووە.
هەروەها دەتوانین سەنەدی (السنة لإبن أبي زمنين ١٤٦) بەکار بهێنینەوە کە لە پێشدا تەحقیقمان کرد ، کەواتە ئەو ئەسەرە ئەسڵێکی هەیە لەپێشەوا مالکەوە، والله أعلم .)

کردووە ، هەر لەبەر ئەوەشە پێشەوایانی سەلەف لەوبارەوە بەتوندی ڕەددیان داونەتەوە .

زهير بن عباد دەڵێ : هەموو ئەوانەی لە شێخەکانم پێیان گەیشتووم وەك: مالك بن أنس ، سفيان بن عيينة ، عيسى بن يونس، فضيل بن عياض ،عبد الله بن المبارك ، وكيع بن الجراح و جگە لەوانیش، هیچ کەسێکیان بەتاوان تەکفیر نەکردووە .

أبوحاتم الرازي و **أبو زرعة الرازي** لە اعتقاد الرازيين دەڵێن:

ئەهلی تاوانە گەورەکان لە ژێر ویست و مەشیئەتی الله دان (لێیان خۆشدەبێ یان سزایان دەدا کاری پەروەردگارە) هیچ یەکێک لە ئەهلی قیبلە تەکفیر ناکەین بەهۆی تاوانیانەوە .

الحميدي : له أصول السنة للحميدي دەڵێ:

ئێمە بەو جۆرە نااڵێین، وەك چۆن خەوارج دەڵێن : هەریەکێک تاوانی گەورە بکات کافرە .

لای ئێمە هیچ کەسێک کافر ناکرێ بەتاوانی گەورە، بەڵکو تەکفیر لەو پێنج حاڵەیە : ئەویش فەرمودەی بني الإسلام على خمس .. الحديث .

المزني : له شرح السنة بابێکی داناوه بەناوی دەستهەڵگرتن لەتەکفیری ئەهلی قیبله.

کەواته ئەهلی قیبله ئەوانەی موسڵمانن و تاوانی گەوره ئەنجام دەدەن، تکفیر ناکرێن بەهیچ جۆرێ، چونکه ئەگەر وابکەی دەبیته خەوارج.

لەوبارەوەش ئەسەری گەلێک زۆر هەن بەڵام هەرئەوەندە بەسە.

بیروباوەڕی پێشەوا مالك لەبارەی هاوەڵان:

٣٦ : پێشەوا **مالك** دەفەرموێت :

باشترینی وبەڕێزترینی ئوممەت لەپاش پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەبوبەکری صدیقە، کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمانی کرد (پێش نوێژی بکات بۆ موسڵمانان) لەکاتێکدا جگە لە ئەبوبەکریشی لەگەڵ بوو، هەروەها فەرمانی بە ئەبوبەکر کرد حەج بە موسڵمانان بکات،لەکاتێکدا جگە لە ئەویشی لەگەڵ بوو[١] .

٣٧ : هەروەها ئیمام **مالك** دەڵێ :

بەڕێزترینی ئوممەت لەدوای ئەبوبەکری الصدیق عمر بن الخطاب ـە، هیچ گومانێ لەمەدا نییە. [٢]

---

(١) (البیان والتحصیل ١٨/ ٤٥٨ و، سیر أعلام النبلاء ١٠٦/٨)

(٢) السنة للخلال ٥٨٥ ج٢ لاپەڕە ٤٠١ بەو شێوە هێناویەتی :

قال الخلال : أخبرني علي بن الحسن بن هارون، قال: قرأت على محمد بن موسى قال: حدثني ابن جميل المضرب، قال: حدثني أبو بكر الأندلسي كهلا قد كتب وكتب عنه، قال: سمعت أبا حفص حرملة بن يحيى التجيبي قال: سمعت عبد الله بن وهب يقول: سألت مالك بن أنس: " من أفضل الناس بعد رسول الله صلى الله عليه وسلم؟ قال: أبو بكر وعمر، ==

شیکردنەوە :

یەکێک لە باسەکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعەی سەلەفی ئوممەت بریتی بووە لە: (تفضيل) واتە: فەزڵی ئەبوبەکریان پێش هەموو هاوەڵانی تر خستووە، بۆیە ئەوانەی کەوا (عمر) یان (علي) یان پێشخستبێت، ئەوا تەبدیعیان کردووە بەو شێوە :

= قلت: ثم من؟ قال: أمسك، قلت: يا أبا عبد الله، إنك إمام أقتدي بك في ديني، قال: أبو بكر وعمر، ثم عثمان .

لەڕووی سەنەدەوە ناڕوونە و لاوازە .

علي بن الحسن بن هارون : لە سالّی (٣٢٢هـ) وەفاتی کردوە ، بەڵام الخلال لە(٣١١هـ) وەفاتی کردووە، هەر ئەو ناوەشم دۆزیەوە دەکرێ خەللال لەو گوێی لێبووبێت، چونکە دەڵێ هەوالّی پێدام ، والله أعلم.

محمد بن موسى ابن مشيش : خطيب البغدادي له تأريخ هێناویەتی تەنها دەڵێ:

(مستملي أبو عبدالله) بووە و جیرانی بووە، مەبەستی (إمام احمد) ە ، دەڵێن : ئیمام ئەحمەد ڕێزی زۆری لێگرتوە . (تأريخ الخطيب ج٤ لا٣٩١)

إبن جميل المضرب دەڵێ: نەمدۆزیەوە.

أبو بكر الأندلسي دەڵێ: نەمدۆزیەوە.

أبو حفص حرملة بن يحيى التجيبي: أبو حاتم الرازي و يحيى بن معين دەڵێن : شارەزاترینە بە (إبن وهب) وە، متمانەیە.

إبن وهب : عبدالله بن وهب المصري کەسێکی متمانە و ئیمام بووە، یەکێکە لەشارەزاترینەکان بە بیروڕاکانی پێشەوا مالك .

محمد بن عوف الحمصي قال: سمعت أحمد بن حنبل وسئل عن التفضيل، فقال: «من قدم عليا على أبي بكر فقد طعن على رسول الله صلى الله عليه وسلم، ومن قدمه على عمر فقد طعن على رسول الله صلى الله عليه وسلم وعلى أبي بكر، ومن قدمه على عثمان، فقد طعن على أبي بكر وعلى وعمر، وعلى أهل الشورى، وعلى المهاجرين والأنصار .

محمد بن عوف الحمصي دەڵێت : گوێم لە احمد بن حنبل بوو پرسیاری لێکرا دەربارەی (تفضيل) ؟

فەرمووی : هەریەك(علي) پێش بخات بەسەر ئەبوبکر، ئەوا تانەی لە رسول الله صلى الله عليه وسلم داوە ،

هەرکەسێکیش (علی) پێشبخات بەسەر(عمر)، ئەوا تانەی لە رسول الله صلى الله عليه وسلم و ئەبو بکر داوە ، هەرکەسێک(علی) پێشبخات بەسەر(عثمان)، ئەوا تانەی لە ئەبوبکر و عمر داوە، بەڵکو تانەی داوە لە ئەهلی ڕاوێژی هاوەڵان و کۆچبەر و پشتیوانان. [1]

خەڵلال هێناویەتی لە **سفيان الثوري** دەڵێ : هەریەك (علي) پێش بخات بەسەر ئەبي بکر و عمر ئەوا تاوانی کردووە بەرامبەر دوازدە هەزار هاوەڵی رسول الله صلى الله عليه وسلم، دواتر دەڵێ: ترسم لەوەیە کەوا کاروکردەوەی ئەو

(١) (السنة الخلال ٥١٤)

کەسە سوودیان نەبێت بۆی لە دواڕۆژدا، مەبەستی ئەو کەسانەیە (علی) پێش دەخەن بەسەر ئەبوبەکر و عمر.[1]

واتە ترسی بەتاڵ بوونەوەی کردەوەکانی هەیە.

سفیان دەڵێ : پێغەمبەر وەفاتی کرد ئەو لەوان ڕازی بوو.

قال الخلال : أخبرني علي بن عيسى، أن حنبلا حدثهم قال: سمعت أبا عبد الله، يقول: من زعم أن عليا أفضل من أبي بكر فهو رجل سوء، لا نخالطه، ولا نجالسه»

خەڵال: هێناویەتی لەپێشەوا **احمد بن حنبل** دەیگوت : هەرکەسێک گومانی وابێت کەوا علي چاکترە لە أبوبکر ئەوا کەسێکی خەراپە ، نە تێکەڵی دەبین ، نە لەگەڵیشی دادەنیشین .[2]

قال الخلال : وأخبرني علي بن عبد الصمد، قال: سمعت هارون الديك، يقول: سمعت أحمد بن حنبل، يقول: " من قال: أبو بكر، وعمر، وعثمان فهو صاحب سنة، ومن قال: أبو بكر، وعمر، وعلي، وعثمان فهو رافضي، أو قال: مبتدع " ٥٣٣

(١) (السنة للخلال ٥١٥)

(٢) (السنة للخلال ٥٢٤)

خەللال: هێناویەتی لە **احمد بن حنبل** دەڵێ : هەرکێ ئەو ڕیزبەندییە بڵێت : أبو بکر، وعمر، وعثمان، ئەوا لەسەر سوننەتە.

یاخود بڵێت :أبو بکر، وعمر، وعلي، وعثمان، ئەوا ڕافیزەیە(شیعەی ڕافیزە)، لە ریوایەتێکی تر دەڵێ :مبتدعە .

بەپووختی : ئەگەر سەلەف تەنها بۆ پێش و پاش خستنی ناوی هاوەڵێک بەسەریەکی تر وا توند بن، ئەی چی دەربارەی ئەوانەی جنێو و سووکایەتییان پێدەکەن .

٣٨ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

سەلەفی ئوممەت منداڵەکانیان فێری خۆشەویستی ابو بکر و عمر دەکرد، وەک چۆن فێری سورەتێکی قورئانیان بکردایە . [١]

(١) لالكائي بەژمارە ٢٣٢٥ بەو شێوە هێناویەتی:
أنا علي بن محمد بن أحمد بن يعقوب، قال: نا أحمد بن أبي سعدان البغدادي، نزيل الري، قال: نا أبو العيناء محمد بن القاسم، قال: نا محمد بن خالد بن عثمة، عن مالك بن أنس، قال: " كان السلف يعلمون أولادهم حب أبي بكر وعمر كما يعلمون السورة من القرآن .

شیکردنەوە:

گرنگیدان و ڕێزگرتنی هاوەڵان بەشێک بووە لە دین، بەڵکو پلە و ڕێزبەندیان بە فەرز داناوە لەسەر منداڵەکانیان کەوا فێری بن، لەو بارەوە ئەسەر زۆر هاتوون بەو شێوە :

لالكائي هێناویەتی لە **ابن مسعود** دەڵێت:

خۆشویستنی أبوبکر و عمر ، هەروەها زانینی پێگەو فەزڵیان لەسوننەتەیەوە .[1]

هەروەها لە **مسروق بن عبدالرحمن** هێناویەتی دەفەرموێ:

خۆشویستنی أبوبکر و عمر و، زانینی پێگەو فەزڵیان لەسوننەتەیەوە . [2]

هەروەها لە پێشەوا **طاووس بن كيسان** بەهەمان شێوە هاتووە .

لە **عبد العزيز بن جعفر اللؤلؤي** هێناویەتی دەڵێت:

بە (حسن البصري)م گوت : خۆشویستنی أبوبکر و عمر لە سوننەتەوەیە ؟ فەرمووی بەڵکو فەرزە[3].

---

(١) (لالكائي ٢٣١٩)

(٢) (لالكائي ٢٣٢٢)

(٣) (لالكائي ٢٣٢١)

لە **ابو جعفر محمد بن علي بن الحسن** دەڵێ : هەریەک نەزان بێت بە فەزڵی أبوبکر و عمر ئەوا نەزانە بەسوونەت . [١]

علي بن الحسن بن شقيق دەڵێ : پرسیارم کرد لە عبد الله بن المبارك لەبارەی (جەماعەت) گوتی : «أبوبکر وعمر» [٢]

قبيصة بن عتبة دەیگوت : خۆشویستنی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بەگشتی لەسوننەتەوەیە.[٣]

لێرەوە بۆمان دەرکەوت وەك چۆن خۆشویستنیان سوننەتە، بەهەمان شێوە سەرخستن و ڕێزلێگرتن و باسکردنی پلەو فەزڵیشیان سوننەتە، هەروەها ڕقلێبوونەوە و بوغزاندنی هەر یەکێکیان لە گومڕاییەوەیە.

٣٩ : **هارونە ڕەشید** بە **مالکی** گوت :

پلەو پێگەی أبوبکر و عمر چۆنە لای پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ؟ فەرمووی: وەك نزیکی گۆڕەکەیانە لەگۆڕی پێغەمبەر دوای وەفاتی . [٤]

---

(١) (لالكائي ٣٢٢٤)

(٢) (لالكائي ٢٣٢٥)

(٣) (لالكائي ٢٣٢٦)

(٤) ئەم ئەسەرەی پێشەوا مالك هاتوە لە الشريعة للآجري بەژمارە ١٨٤٩ بەو شێوە : حدثنا أبو عبد الله محمد بن مخلد العطار قال: حدثنا أبو سعيد عبد الله بن شبيب بن خالد , ==

= قدم مكة , قال: حدثنا يحيى بن سليمان بن نضلة الكعبي قال: قال هارون الرشيد لمالك بن أنس: كيف كانت منزلة أبي بكر وعمر رضي الله عنهما من رسول الله صلى الله عليه وسلم؟ . فقال مالك رحمه الله: كقرب قبريهما من قبره بعد وفاته .

لەڕووی سەنەدەوە لاوازە هەردوو ریوایەت:

أبو عبد الله محمد بن مخلد العطار : كەسێكی متمانە و ئیمام بووە لە سالّی(٢٣٤هـ) لەدایكبووە لە (٣٣١هـ) وەفاتی كردووە، هەریەك لە ئیمامی الدارقطني و خطيب البغدادي دەڵێن : (ثقة) متمانە و جێگیر بووە .

أبو سعيد عبد الله بن شبيب بن خالد : متروك.

هەریەك لە أبو أحمد الحاكم و أبن خزيمة وادەڵێن، (إبن حبان) دەڵێ : هەواڵەكان ئاڵوگۆڕ دەكاو دەیاندزێت، بۆیە ناكرێ بكرێتە بەڵگە.

يحيى بن سليمان بن نضلة : ریوایەتی لە ئیمام مالك كردووە، الذهبي لە (ميزان الإعتدال ژمارە ٩٥٣٧) باسی كردووە دەڵێ : إبن خراش گوتویەتی : هیچ شتێك نییە، بەڵام ئەو تەوثیقی دەكات.

هەروەها أبو القاسم لالكائي هێناویەتی بەهەمان سەنەدی الآجری بەژمارە ٢٤٦١ دەڵێ:

أنا محمد بن الحسين الفارسي، قال: نا أحمد بن محمد بن مخلد، قال: نا عبد الله بن شبيب بن خالد، قال: نا يحيى العتكي، قال ...)

بوغز و جوێندان بەرامبەر هاوەڵان:

٤٠ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

هەرکەسێك جوێن بدات بەیەکێ لەهاوەڵانی پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم ، بە ابوبکر یان عمر، عثمان یان معاویه، یان عەمری کوڕی عاص، هەرکامەیان بن، ئەگەر بڵێت ئەوانە لەسەر گومڕایی و کوفربوونە ئەوە دەکوژرێت، ئەگەر جوێنیان پێبدات بەڵام نەڵێ لەسەر کوفر و گومڕایی بوونە، ئەوە بەتوندی سزا دەدرێت.[1]

٤١ : پێشەوا **مالك** دەفەرموێت :

هەرکەس لەپێگەی یەکێ لە هاوەلانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کەمبکاتەوە، یان لەدڵیدا ڕقی لە هاوەڵێک بێ، ئەوا ئەو کەسە هیچ بەشێکی نییە لەو دەستکەوتانەی کە دەست موسڵمانان دەکەوێ، ئەمەش پاڵپشت بەو ئایەتەی خوای گەورە .

---

(١) مناقب مالك لزواوي لاپەڕە ١٤٢ وە الشفاء ١١٠٨/٢.

دەڵێم : ئەوەی بۆی گەڕام ئەو ئەسەرە لەو دوو جێگەیە زیاتر نەمدۆزیەوە، تەنانەت گەڕامەوە سەر نوسخەی ئەو کتێبەی کەوا عادل آل حمدان لێوەی دەرهێناوە لەوە زیاترم نەدۆزیەوە.)

مَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى[وَالَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ] [رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ] [وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا]

بۆیە هەر کەسێك ڕق و کینەی لە صەحابە هەبێ، ئەم ئایەتە نایگرێتەوە و شەیتان بەسەریدا زاڵبووە، بەڵکو لە (فەیئیشدا) هیچ بەشێکی نابێ .[1]

---

(١) الحلية ٣٢٧/٦ أصول السنة لإبن أبي زمنين ١٩٠ ، قال وهب قال: حدثنا ابن وضاح عن أبي جعفر الأيلي قال: قال مالك رحمه الله: ليس لمن انتقص أحدا من أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم في الفيء حق.١٩٠

دەڵێم : ئەو ئەسەرە بە صەحیحی ثابت بووە لە پێشەوا مالك، کۆمەڵێك ئیمام هێناویانە لەگرنگترینیان پێشەوا (الحميدي)

له أصول السنة هێناویەتی و دەڵێت : هەواڵم پێدراوە زیاتر لە چەند کەسێك له مالك بن أنس. الحميدي قوتابی سفیان بن عيينة یە و سفیانیش قەرین و قوتابی مالك بن أنس ە، بۆیە دەبێتە نزیکترین و ڕاسترین سەنەد والله أعلم ، هەروەها پێشەوا الالكائي له أصول اعتقاد هێناویەتی بەو شێوە : أنا علي بن عمر، أنا إسماعيل بن محمد، قال: نا محمد بن عبد الملك الدقيقي، قال: نا إبراهيم بن المنذر، قال: نا معن بن عيسى، قال: سمعت مالك بن أنس يقول: من سب أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم .... (٢٤٠٠)

رجالەکان هەموویان ثقة و متمانەن:

معن بن عيسى : ئیمام و ثقة یە. ==

الفيء: بریتییە لەو دەسکەوتانەی کە دەستی موسڵمانان دەکەوێ بە بێ جەنگ.

٤٢ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

ئەوکەسانەی کە تانە دەدەن لە هاوەڵانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مەبەستیان تانەدانە لەخودی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، بەڵام ناتوانن ڕاستەوخۆ تانەی لێ بدەن، دێن تانە لەهاوەڵەکانی دەدەن تاکو بڵێن پیاوێکی خراپ بووە، چونکە هاوەڵەکانی خراپبوونە، ئەگەر خۆی پیاوچاک بوایە هاوەڵەکانیشی پیاوچاک دەبوون.[1]

٤٣ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

هەرکەسێ جوێن بە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بدات، یان عەیبێک لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بگرێت، یان لەپلەوپایەی کەم بکاتەوە، بەڵکو لە

= إبراهیم بن المنذر : صدوق ، لابأس به ، تەنیا ئەوە نەبێت پێشەوا احمد قسەی لەسەر کردووە بەهۆی فتنەی خەلقی قورئان ٢٤٠٠/ وە هەروەها سنن الکبری ٣٧٢ ج٦/ و، إبن عساکر لە تأریخ دمشق ج٤٤لاپەڕە ٣٩١).

(١) (الصارم المسلول لاپەڕە ١٠٨٨ ، بەڵام بێ سەنەدە ، چونکە خودی کتێبەکە لەبەر ئەوەی لەمتأخرینە کتوبی نەقڵە، نەك سەنەد، هەروەها گەڕامەوە سەر هەردوو سەرچاوەکەی، بەڵام نەمدۆزیەوە لەهیچ شوێنێکی تر، والله أعلم .

هەر پێغەمبەرێکی تر، ئەوا لەناو دەبردرێ، جا موسڵمان بێت یان نا، داوای تۆبە کردنیشی لێ ناکرێت. (١)

شیکردنەوە:

ئەشهەب دەڵێت : مالك فەرموی : هەرکەسێک جنێو بە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بدات، موسڵمان بێ یان بێباوەڕ، ئەوا لەناو دەبرێ و داوای تۆبەشی لێناکرێت.

ابن وهب دەڵێت : مالك دەیگوت : هەریەك بڵێ جلەکانی پێغەمبەر پیسن، ئەوا مەبەستیەتی عەیبداری بکا، دەبێ لەناو ببردرێت .

هارونه ڕەشید پرسیاری لەمالك کرد لەبارەی کەسی جنێودەر بە پێغەمبەرەوە ﷺ گوتی : هەندێک لە فەقیهەکانی عێراق پێیان وایە جەڵد دەکرێ ؟ مالك زۆر توڕەدەبێ و دەڵێت : ئەی پێشەوای باوەڕداران چی دەمێنێتەوە دوای جنێودان بە پێغەمبەرەکەیان ؟ هەرکەسێک جنێو بە پێغەمبەران بدا لەنێو دەبردرێ، هەرکەسێکیش جنێو بەهاوەڵان بدا جەڵد دەکرێ .

الوليد بن مسلم لە **مالك** ڕیوایەت دەکات کەوا جنێودەر - بە پێغەمبەر - بە هەڵگەڕاوەی لە دین داناوە .

---

(١) (الصارم المسلول لاپەڕە ٣١١ و، الشفاء ٢ / ٩٣٦-٩٣٧)

قاضي عياض دەڵێ : ئەوە کۆدەنگی ئەهلی عیلمە لەو بارەوە، لە زانایان، پێشەوایانی ئەهلی فتوا، لە هاوەڵان، بەڵکو دوای ئەوانیش .

أبو بكر بن المنذر دەڵێ : تێکڕای ئەهلی عیلم کۆدەنگن لەسەر ئەوەی جنێودەر بە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەناودەبرێ، لەوانەی کەوا دەڵێن : مالك بن أنس، الليث بن سعد، إسحاق بن راهويه، احمد بن حنبل، ئەوە مەزهەبی پێشەوا شافعیشە .

پێشەوا **اسحاق بن راهويه** دەڵێت : کۆدەنگی موسڵمانان هەیە لەسەر ئەوەی هەریەک جنێو بە الله و پێغەمبەر بدا، یان شتێک ڕەتبکاتەوە لەوەی الله دایبەزاندووە ، یان پێغەمبەرێ لە پێغەمبەران بکوژێت، ئەوا لەدین دەردەچێ و بێبڕوایە بە الله، گەرچی دانیش بنێت بەهەموو ئەوانەی تر کە الله دایبەزاندوون.

الخطابي دەڵێت : نەمزانیوە ڕاجیایی هەبێ لەهیچ موسڵمانێکەوە لەسەر لەناوبردنی ئەو کەسانە .

ئەوەی کەوا هێنامان کۆدەنگی زۆرینە بوو، تەنها ئەهلی ڕەئی و أبوحنیفە مخالەفەی ئەو کۆدەنگییەیان کردووە و جیاوازیان کردووە لە نێوان

(**الذمي**) کە دەڵێن : پەیمان بە جنێو ناشکێت و لەناوناچێت، هەروەها کەسی (ذمي) لەناونابرێ بەو هۆیەوە.

(**الذمي**): به کەسێک دەگوترێت که موسڵمان نییه، له ژێر حوکمی ئیسلامدا دەژی به ئاشتەوایی، واته پەیمانی داوه ئیسلام حوکمی بکات و ڕازییه، بەڵام جزیه دەدەنه دەسەڵاتداری موسڵمانان بۆ ئەوەی بیانپارێزن لەو شوینه بژین به ئارامی.

بیروبـاوەڕی پێشەوا مالك لەبـارەی قورئـان :

٤٤ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

قورئانی پیرۆز وتەی الله یە ، وتەی الله ش پەیوەستە بەخودی خۆیەوە، هیچ شتێکیش لە خوای تبارك وتعالی دروستکراو نییە . [١]

٤٥ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

ئەوەی بڵێت قورئان کەلامی الله نییە و دروستکراوی الله یە، ئەوا داوای تۆبەکردنی لێدەکرێ گەر تۆبە بکا ، گەر نـا لەناودەبردرێت . [٢]

---

(١) ئەو قەولە الآجري ژمارە ١٦٥ و، السنة لعبدالله ١٢٨ و لالكائي ٤١٠ .
إسماعيل بن أبي أويس يقول: سمعت مالك بن أنس، يقول: القرآن كلام الله , وكلام الله من الله، وليس من الله شيء مخلوق .

(٢) لالكائي بە ژمارە(٤٩٥) هێناویەتی بەو شێوە : ذكره عبد الرحمن بن أبي حاتم قال: حدثنا أبي قال: حدثنا ميمون بن يحيى البكري قال: قال مالك بن أنس: «من قال القرآن مخلوق يستتاب , فإن تاب وإلا ضربت عنقه» لالكائي:
لەڕووی سەنەدەوە:
أبو القاسم دەڵێ : ذكره عبد الرحمن بن أبي حاتم
واتە : دیار نییە گوێی لێبووبێ یان نا، چونکە إبن أبي حاتم لە (٣٢٧) وەفاتی کردووە ،(لالكائي) لە (٤١٨) وە لە شیوخی ئەو نییە . ==

بیروباوەڕی پێشەوا مالك لەبارەی (الكلام)

٤٦ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

نەفرەتی خوا لە (عەمری كوڕی عوبێد)بیت، ئەو چەندێک لەو بیدعانەی داهێنا لە (كلام)، ئەگەر كەلام زانست بوایە، بێگومان هاوەڵان و تابعین قسەیان تێدا دەكرد، هەروەک چۆن قسەیان لەسەر حوكمەكان و یاساكانی شەریعەت كردووە، بەڵام كە قسەیان نەكردووە لەسەر[كەلام] واتە بەڵگەی پوچەڵی[كەلامە] [١]

= عبدالرحمن بن أبي حاتم : ئیمام و متمانەیە خاوەنی تەفسیر و الجرح والتعدیل و، العلل و چەندانی كتێبی تر.

أبو حاتم الرازي : ئیمام و حوججەیە، كەسێكی متمانە و جێگیرە.

میمون بن یحیی البكري دەڵێ: گوێی لە ئیمام مالك بووە ، هەروەها أبو حاتم الرازي گوێی لەو بووە ، إبن أبي حاتم دەڵێ : پرسیارم كرد لە باوكم دەربارەی ئەو ؟ گوتی : شیخ .

بەڵام ، ئەو ئەسەرە چەندان پاڵپشتی تری سەنەدی هەیە لە كتێبەكانی وەك (الشریعة و السنة للخلال و لعبدالله و لالكائي).

(١) ئەو قەولەی پێشەوا مالك هاتووە بەو شێوە:

أخبرني طیب بن أحمد أخبرنا محمد بن الحسین حدثنا محمد بن جعفر بن مطر سمعت شكر یقول سمعت أبا سعید البصري یقول سمعت عبد الرحمن بن مهدي یقول دخلت ==

کەلام: مەبەست پێیان زانستی کەلامە، موتەکەلیم هەڵدەستێ بە ئیسپاتکردنی عەقیدە و ئوصوڵی دین بە ڕێگای تایبەتی خۆی بۆ قورئان و فەرموودە، دوور لە مەنهەجی هاوەڵان و تابعین.

موتەکەلیم : مەبەست پێی پەیڕەوانی ئەو زانستەیە کە هەڵگرانی ئاڵای کەلامن.

= على مالك وعنده رجل يسأله عن القرآن فقال (لعلك من أصحاب عمرو بن عبيدلعن الله عمرا فإنه ابتدع هذه البدع من الكلام ولوكان الكلام علما لتكلم فيه الصحابة والتابعون كما تكلموا في الأحكام والشرائع ولكنه باطل يدل على باطل) (٨٦٠ ج٥ لاپەڕە ٧٣).

لەڕووی سەنەدەوە:

محمد بن الحسين : محمد بن الحسين بن موسى بن خالد بن سالم بن راوية بن سعيد بن قبيصة بن سراقة.

نەسەبی : النيسابوري, الأزدي, السلمي

لە (٣٣٠ هجری) لەدایک بووە و لە (٤١٢ هجری) وەفاتی کردووە .

ابن الجوزي دەڵێ : ضعيف الحديث ، هەروەها الذهبي قسەی لەسەر کردووە.

خطيب البغدادي دەڵێ : صاحب حديث مجودا .

الحاكم النيسابوري دەڵێ : كثير السماع والطلب والحديث متقنا فيه .

محمد بن جعفر بن مطر : ثقة يه.

شكر : نەمدۆزیەوە .

٤٧ : پێشەوا **مالك** دەڵێت : وای نابینم كە دروست بێت لەلای گۆڕی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بوەستیت و دوعابكەی، بەڵكو سڵاوی لێدەكەیت و دەڕۆیت، نابێ دەستیش بدەی لەگۆڕەكەی .[١]

٤٨ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

عومەری كوڕی عەبدو العزیز گوتی : هەریەك دینەكەی لەسەر (دەمەدەم و مشتومڕ) بنیاد بنێت بەردەوام لە گۆڕان و پەتپەتێن دەبێت . [٢]

---

(١) الشفاء :٦٧/٢ و، له المنتقى شرح موطأ مالك حديثي ٤٥٨ باسكراوه، نووسەر دەڵێ : له المبسوط هاتووه .

(٢) ئەم قەولەی پێشەوا مالك هاتووه له:

الجامع لإبن أبي زيد القيرواني لاپەڕە ١٢٠ و، الجامع لإبن عبدالبر ٩٣/٢ و،

الشريعة للآجري ١١٧

سەنەدی الآجري بەو شێوەیە : قال وحدثنا الفريابي قال: حدثنا قتيبة بن سعيد قال: حدثنا حماد بن زيد، عن يحيى بن سعيد، أن عمر بن عبد العزيز قال: من جعل دينه غرضا للخصومات أكثر التنقل.

رجالەكان هەموویان متمانە و ثقەن:

الفريابي : ثقة و ئیمامه

قتيبة بن سعيد : ثقة و ئیمامه و شێخی هاوەڵانی كتب الستة یە.

حماد بن زيد : ئیمام و حوججەیە.

يحيى بن سعيد هو الأنصاري : ثقة و ئیمامه . ==

٤٩ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

ئەگەر یەکێک هات لەوانەی مناقەشە و مشتومڕ لە دیندا دەکەن و، شوێن هەواو ئارەزوویان کەوتوون، پێیان بڵێ :

ئەوا من لەسەر بەڵگە و بوڕهانی الله عزوجل م ، بەڵام تۆ لەسەر شەک و گومانی، بڕۆ بۆ لای ئەوانەی وەك تۆن ،لەسەر شەک وگومان مناقەشەیان لەگەڵ بکە. [1]

= هەروەها بەو شێوەیەش هێناویەتی :- وحدثنا الفريابي، أيضا قال: حدثني إبراهيم بن المنذر الحزامي قال: حدثنا معن بن عيسى قال: انصرف مالك بن أنس يوما من المسجد، وهو متكئ على يدي فلحقه رجل يقال له: أبو الجويرية كان يتهم بالإرجاء , فقال: يا أبا عبد الله اسمع مني شيئا أكلمك به وأحاجك وأخبرك برأيي قال: فإن غلبتني؟ قال: إن غلبتك اتبعتني قال: فإن جاء رجل آخر، فكلمنا فغلبنا؟ قال: نتبعه قال مالك رحمه الله: يا عبد الله، بعث الله عز وجل محمدا صلى الله عليه وسلم بدين واحد، وأراك تنتقل من دين إلى دين قال عمر بن عبد العزيز: من جعل دينه غرضا للخصومات أكثر التنقل.

هەروەها اللالكائي هێناویەتی بەژمارە ٢١٦ هەمان سەنەدی الآجري و، الدارمي ٣٠٤-٣٠٥ و، إبن بطة له الصغرى بەژمارە ١٣١ هێناویەتی .

(١) ئەم قەولەی پێشەوا مالك هاتووە لە :

ابن بطة له الإبانة الصغرى بەژمارە ١٥٩ هێناویەتی .

إبن أبي زمنين له أصول السنة بەژمارە ٢٣١ هەردوو ریوایەتەکە لە (إبن وهب) واتە بێ سەنەدە تەنها نەقڵە ، بەڵام إبن بطة له الكبرى هێناویەتی بەژمارە ٣٠٧ دەڵێ : ==

= حدثنا القافلائی ، قال : حدثنا محمد بن إسحاق الصاغاني ، قال : أخبرني أصبغ بن الفرج ، قال : أخبرني إبن وهب ، قال سمعت مالكا يقول:

سەنەدی صحيحة والله أعلم .

بیروباوەڕی پێشەوا مالك لەبارەی قەدەرەوە :

٥٠ : پێشەوا **مالك** دەڵێت :

ما أضل من كذب بالقدر لو لم يكن عليهم فيه حجة إلا قوله تعالى: {هو الذي خلقكم فمنكم كافر ومنكم مؤمن} [التغابن: ٢] لكفى به حجة .

واتە: چەندە گومڕایە ئەو کەسەی کەوا قەدەر بەدرۆ دەخاتەوە ، ئەگەر هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر نەبێت ئەوا ئەو ئایەتەی الله تعالى بەسە بۆیان کە دەفەرموێت : {هو الذي خلقكم فمنكم كافر ومنكم مؤمن} [التغابن: ٢] . (١)

---

(١) ئەم قەولەی هاتووە لە : الشريعة للآجري بەژمارە ٣١٦ و ٥٠٨

بەو شێوە هێناویەتی :

أخبرنا الفريابي قال: نا محمد بن إسماعيل قال: نا عبد العزيز بن عبد الله الأويسي قال: قال مالك بن أنس:

لەرووی سەنەدەوە : [صحيحة]

الفريابي : ناوی جعفر بن محمد بن الحسن بن المستفاض، خاوەنی کتابی (القدر للفريابي) ە ، (ثقة و حجة) متمانە بووە و ئیمام بووە.

محمد بن إسماعيل : پێدەچێ پێشەوا البخاري بێت، ئەگەر نا مەبەستی محمد بن إسماعيل بن سمرة یە ، ئەویش (ثقة) متمانەیە .

عبد العزيز بن عبد الله الأويسي : ئەویش کەسێکی (ثقة) متمانە و پێشەنگ بووە.

٥١ : پێشەوا **مالك** لەبارەی قەدەریەکانەوە دەڵێ:

داوای تۆبەیان لێدەکرێت گەر تۆبەیان کرد ، گەرنا لەناودەبرێن ،

هەروەها ئیمام **مالك** دەڵێ : قەدەریەکان ئەو کەسانەن کە دەڵێن : الله عزوجل سەرپێچی و تاوانی درووست نەکردوە.

٥٢ : پێشەوا **مالك** دەیگوت :

قسەکردن لەدیندا باش نییە و، خەڵکی شارەکەمان پێیان باش نەبووە و ڕێگریشیان لێی کردووە وەکو قسە لەبارەی بیروڕای جەهم و قەدەر، هەموو شتێکی هاوشێوەی ئەوانە ، هیچ قسەکردنێکم پێ خۆش نییە مەگەر تەنها ئەوەی لەژێریدا کردەوە هەبێت ، بەڵکو قسەکردن لەدیندا و لە بارەی الله وە عزوجل، بێدەنگی لای من خۆشترە وەك لەوەی قسەی تێدا بکەم ، لەبەر ئەوەی من خەڵکی شارەکەی خۆم دەبینی کەوا ڕێگریان لە قسەکردن لە دیندا دەکرد، تەنها ئەوەی لەژێریدا کردەوە هەبێت[1].

---

(١) ئەم قەولەی پێشەوا مالك لالكائي هێناویەتی بەژمارە ١٧٨٦ بەو شێوە :حدثنا عبد الوارث بن سفيان، ثنا قاسم بن أصبغ، ثنا أحمد بن زهير، قال: سمعت مصعب بن عبد الله الزبيري يقول :

لەڕووی سەنەدەوە صحيحة:

عبد الوارث بن سفيان بن جبرون بن سليمان لە سالّی (٣١٧هـ)لەدایك بووە ، لە سالی(٣٩٥ هـ) وەفاتی کردووە، کەسێکی قبوڵکراوە، (الذهبي) دەڵێ : لەمتمانەترینەکانی (القاسم بن أصبغ) ە ==

٥٣ : پرسیار لە پێشەوا **مالك** کرا دەربارەی قەدەریەکان گوتی :

کەسانێکی خەراپن ، لەگەڵیان دامەنیشن ، دواتر پێیانگوت: واتە نوێژیان لەدواوە ناکرێت ؟ فەرموی : بەڵێ[1].

شیکردنەوە:

القدر : مەبەست لێی عیلمی الله یە و ئەوەیە کە نوسیویەتی .

= أحمد بن زهير بن حرب : لەسالّی ٢٥٢ لەدایك بووە ، لە ٣٤٥ وەفاتی کردووە، کەسێکی متمانە و ئیمام و جێگیر بووە.

مصعب بن عبدالله الزبيري : لە سالّی ١٥٦ لەدایك بووە لە ٢٣٦ وەفاتی کردووە ، هەریەك لە احمد بن حنبل و يحيى بن معين و الدارقطني بەکەسێکی متمانە و جێگیریان داناوە و دەڵێن: زانابووە بە نەسەب (رەچەڵەک) .

(١) ئەم قەولەی پێشەوا مالك هاتووە لە:

أصول السنة لإبن أبي زمنين لاپەرە ٣٠٥ ژمارە ٢٤١ , لەڕووی سەنەدەوە : صحيحة.

محمد بن عمر بن لبابة : کەسێکی متمانە بووە و شارەزا بووە بە فیقهـ و مەزهەبی مالك، ریوایەتی لە (العتبي) کردوە لە سالّی (٣١٤هـ) وەفاتی کردووە.

العتبي :أبو عبد الله ، محمد بن أحمد بن عبد العزيز بن عتبة کەسێکی متمانەیە و ریوایەتی لە (سحنون) کردوە لەسالی(٢٥٥هـ)وەفاتی کردووە.

هەریەك لە سحنون و ابن القاسم دوو پێشەوا و فەقیهی مالکین، ناسراون، ئیمامن، جێگای متمانەن .

سەرەتای بابەتی بیدعەی القدر دەگەڕێتەوە بۆ (معبد الجهني)، لە پێشەوا الأوزاعي یەوە هاتووە دەڵێ : بنەچەی بیدعەی القدر لەلایەن (سَوسَن النصراني) بوو، ئینجا دواتر (معبد الجهني) لەوی وەرگرت و، دواتر (غَیلان الدِّمشقي) لە

(معبد الجهني) وەرگرت.[1]

واتە: سەرەگەورەی فتنەی ئوممەت لەبارەی قەدەرەوە ئەو سێ کەسە بوون .

لەبارەی ئیمان بە قەدرەوە:

کۆدەنگی هەیە لەنێوان هاوەڵان و تابعین لەسەر بڕواهێنان بە قەدەر و تەسلیمبوون بۆی ، لە تابعی بەڕێز طاووس بن کیسان ەوە هاتووە دەڵێ : گەیشتووم بە ٣٠٠ لە هاوەڵان هەموویان دەیانگوت :(كُلَّ شَيْءٍ بِقَدَرٍ)[2]

أبو الاسود الديلي دەڵێ : هیچ یەکێ لەهاوەڵانمان نەبینیوە کەوا دان بە قەدەر دانەنێت .[3]

---

(١) (القدر للفريابي ٣٤٨ وە لالكائي ١٣٩٨).

(٢) (مسلم ٢٦٥٥ بە لەفزی : گەیشتووم بە خەڵکانێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر .. و لالكائي ٦٦٦).

(٣) (لالكائي ١٠٣٧)

لە پێشەوا **ابن عباس** هاتووە دەڵێ : بەدرۆخستنەوەی (بڕوانەبوون بە قەدەر) قەدەر دەبێتە پەکسختن و پووچەڵکردنەوەی تەوحید. [1]

ئەوانەی بڕوایان بەقەدەر نییە یان ڕەتی دەکەنەوە:

لەبارەی حوکمدان بەسەریانەوە ئایا لە بازنەی ئیسلام دەردەچن ڕاستەوخۆ یان نا ؟

لەوەڵامدا پێشەوایان دوو بۆچوونیان هەیە:

یەکەمیان:

هەندێک لەزانایان دەڵێن :

ئیمامی ئەحمەد دەڵێ : قەدەر ڕاستەوخۆ لەبازنەی ئیسلام دەری ناکات ، بەڵام گەر نکۆڵی زانست و زانیاری اللەی کرد ئەوکات کافرە. [2]

هەروەها هەریەك لە **أبو حاتم الرازي** و **أبو زرعة الرازي** ، وەك ئەوەی هاتووە لە اعتقادی الرازیین دا دەڵێن : (قەدەریەکان مبتدع و گومڕان ، هەریەک لەوان نکۆڵی ئەوەبکات کەوا الله عزوجل دەزانێت چیدەبێت پێش ئەوەی ببێت (واتە ڕووبدات) ئەوا لە دین دەرچووە.

---

(١) (السنةلعبد الله ٩٢٥ و، الشريعة ٤٥٦)

(٢) (السنة لعبدالله ٨٣٥ وەالخللال ٨٦٢)

لەبەر ئەوەی زانست و زانیاری گشتگیرتره، قەدەر تایبەت تره .

دووەمیان:

کۆمەڵێک لە پێشەوایان ڕاستەوخۆ ئەوانە لە بازنەی ئیسلام دەردەکەن کە قەدەر بەدرۆ دەخەنەوە و بڕوای پێناهێنن.

ئەوانیش:

لە هاوەڵان : **عبدالله بن عباس** و **عبدالله بن عمر**.

لە تابعین : **الحسن البصري** .

لە أتباع التابعین : **مالك بن أنس** و **الشافعي** .

تمت

فهرست

پێشەکی..... ٥

مالک بن أنس (ئیمامی مالك)..... ١٣

ترسی پێشەوا مالك له فتوادان بێ علم:..... ٢٢

بەراوردی نێوان پێشەوا مالك و أبو حنیفة:..... ٢٥

زیرەکی و لێهاتووی پێشەوا مالك له حدیثدا:..... ٢٩

فەزڵی پەنی پێشەوا مالك بەسەر تێکڕای پێشەوایان:..... ٣٥

باب ما ذکر من عقل مالك بن أنس وأدبه:..... ٣٧

وەسفی پێشەوا مالك له لایەن گەورە زانایان:..... ٤١

خۆشویستنی ئیمام مالك له سوننەتەوەیە:..... ٤٣

پووختەی بەشێك له بیروباوەڕی پێشەوا مالك:..... ٤٩

بیروباوەڕی پێشەوا مالك لەبارەی الأسماء والصفات..... ٦٤

بیرو باوەڕی پێشەوا مالك له بارەی ئەهلی بیدەعەوە:..... ٨٠

بیروباوەڕی پێشەوا مالك لەبارەی ئیمانەوە:..... ٩٣

بیروباوەڕی پێشەوا مالك لەبارەی هاوەڵان:..... ١٠٩

جوێندان و بوغز بەرامبەر هاوەڵان:..... ١١٧

بیروباوەڕی پێشەوا مالك لەبارەی قورئان:..... ١٢٣

بیروباوەڕی پێشەوا مالك لەبارەی (الکلام)..... ١٢٤

بیروباوەڕی پێشەوا مالك لەبارەی قەدەرەوە:..... ١٢٩